# ڕاپۆرتی چاودێریی
# ڕەوشی ئازادی ڕادەربڕین
# لەعێراق وهەرێمی کوردستان

Sida

ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی
منظمة السلام والحرية
PFO
Peace and Freedom Organization



2021

# ڕاپۆرتی چاودێریی
# ڕەوشی ئازادی ڕادەربڕین
# لەعێراق وهەرێمی کوردستان

**ئامادەکردنی: ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی**

٢٠٢١

**ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی**، ڕێکخراوێکی نا حکومی قازانج نەویستە کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان کاردەکات بۆ پاراستنی ماف و ئازادیەکان بۆ دڵنیابوون لە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە ڕێگای بەهێزکردنی متمانە و هاوکاری لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگا و پاڵپشتیکردنی و گەشەپێدانی سیاسەتی دامەزراوە حکومی و ناحکومیەکان بۆ مسۆگەرکردنی ماف، ئازادی، دادی کۆمەڵایەتی بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان.

/PFOORG

PFOK@PFO-KU.ORG

WWW.PFO-KU.ORG

**ڕێکخراوی فریاگوزاری میللەتی نەرویجی بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرتە**

# پێڕست

پوختە.......................................................................................... ٦
میتۆدۆلۆژی و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی.............................................. ٨
هەوڵی کوشتن.................................................................................. ٨
ڕفاندن............................................................................................ ٨
سزادانی میدیاکاران لەلایەن دادگەوە.......................................................... ٨
دەستبەسەرکردن................................................................................ ١١
ڕێگریی لە ڕووماڵ و زەوتکردنی کەلوپەلی ڕۆژنامەوانی........................................ ١٥
پێشێلکاریەکانی دژ بە ڕۆژنامەوانان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن.................................... ٢٠
پەلاماردانی ڕۆژنامەوانان...................................................................... ٢٣
هەڕەشە و سووکایەتی.......................................................................... ٢٨
پێشێلکارییەکانی دژ بە خۆپیشاندەران و چالاکیە مەدەنییەکان................................. ٣٠
پێشێلکاریەکانی دژ بە خانمانی ڕۆژنامەنوس و ژنانی چالاکوان................................ ٣٥
ڕاسپاردەکان..................................................................................... ٣٩

## پوختە:

ساڵی ٢٠٢١ یش هاوشێوەی ساڵەکانی دیکە پڕ لە پێشێلکاری بوو بەرامبەر بە مافی ئازادی رادەربڕین لە عێراق و هەرێمی کوردستان. سەرباری بەڵێنە جیاجیاکانی بەرپرسانی باڵای هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێم، بەڵام رەوشەکە لە ئاستی یاسایی و رێنمایی و کرداریدا رووەو باشتر نەچوو. لەماوەی (٢٠٢١/١/١ تا ٢٠٢١/١٢/٣١) لەلایەن تیمەکانی رێکخراوی ئاشتی و ئازادی لە عێراق و هەرێمی کوردستان دا، (٤١٢) دۆسیەی پێشێلکاری بەرانبەر بە میدیاکاران و کەناڵەکانی میدیایی تۆمار کراوە. جگەلە دەیان دۆسیەی پێشێلکاری بەرانبەر بە خۆپیشاندەران و چالاکانی مەدەنی، کە بەشێکیان لە چوارچێوەی ئەم راپۆرتەدا خراونەتەڕوو.

بەگوێرەی تۆمارەکانی رێکخراوی ئاشتی و ئازادی لەماوەی ساڵی ٢٠٢١دا، یەک حالەتی هەوڵی کوشتن، حالەتێکی رفاندن، هەروەک (٥٨) رۆژنامەوان لەلایەن دادگەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە یان بە سەپاندنی پێبژاردن و زیندانیکردن سزا دراون. هەر لەو ماوەیەدا، (٥١) رۆژنامەوان بەبێ بڕیاری دادوەر و لەکاتی کارکردندا دەستبەسەرکراون و (٢٠٦) رۆژنامەوانیش رێگرییان لێکراوە کە رووماڵی میدیایی بکەن. جگەلەوەی (٣١) رۆژنامەوان تووشی پەلاماردان و (١٥) رۆژنامەوانی دیکە هەڕەشە و سووکایەتییان پێکراوە. لە هەمان کاتدا، (٤٩) دۆسیەی هەڵکوتانە سەر کەناڵی میدیایی و ماڵی رۆژنامەوان، داخستنی کەناڵی میدیایی و راگرتنی پەخش و بەرنامەی تەلەفیزیۆنی تۆمار کراوە.
لە کۆی گشتی پێشێلکاریەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان ٢٣ کەیسی پێشێلکاری دژ بە خانمانی رۆژنامەنوس و ژنانی چالاکوانی مەدەنی ئەنجامدراون کە ووردەکاری کەیسەکانیان لە بەشی دووەمی ئەم راپۆرتە خراوەتە ڕوو. ئەمە جگە لەچەندین کەیسی تری وەك دەرکردن لە کار و گێچەڵی سێکسی کە قوربانیەکان بە هیچ شێوەیەك رازی نەبوون کەیسەکانیان ریپۆرت بکرێن.

ئەو کەیسانەی سەرەوە ئەو میدیاکارانە ناگرێتەوە کە بەشێوەی فریلانس کار دەکەن و سەر بە هیچ دەزگەیەکی دیاریکراو نین. بەگشتی ئەو میدیاکارانەی لەماوەی ساڵی ٢٠٢١دا پێشێلکارییان لە دژ ئەنجام دراوە، سەر بە (١١٠) دەزگە و دامەزراوەی میدیاییین لە عێراق و هەرێمی کوردستان. دۆخەکە بەشێوەیەک بووە، پێشێلکارییەکان زۆرینەی دەزگەکانی میدیاییان گرتووەتەوە، سەرەڕای ئەوەی بەشێک لە میدیا و میدیاکاران بەردەوام رووبەڕووی پێشێلکاری کراونەتەوە و پشکی شێری پێشێلکارییەکانیان بەرکەوتووە.

بەگوێرەی ئەو داتایانەی لەلایەن تیمەکانەوە دەستکەوتووە، زۆرینەی هەرە زۆری پێشێلکارییەکان لەلایەن ئەندامانی سەر بە هێزەکانی ئەمنی و سەربازییەوە ئەنجام دراون، کە خۆی لە پێشێلکارییەکانی وەک دەستبەسەرکردنی پەیامنێر و کامێرامانی کەناڵەکانی میدیایی، رێگریی لە رووماڵی میدیایی، شکاندن و دەستبەسەرداگرتنی کەلووپەلی رۆژنامەوانی و بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی دژ بە خۆپیشاندانی مەدەنی ، هەوڵی رفاندن و رێگریکردن لە کاری رێکخراوەیی، پێنەدانی زانیاری و چەند جۆرێکی تر لە پێشێلکاری دەبینێتەوە.

لەرووی جوگرافیای پێشێلکارییەکانەوە،هیچ پارێزگایەکی ئارام و بێ پێشێلکاری لە ٢٠٢١ نەبوو بۆ ئازادی رادەربڕین،هەرچەندە پێشێلکارییە گەورەکان لە هەرێمی کوردستان و کەرکوك و بەغدابوون.

ئەم راپۆرتە بەشێکە لە کاروچالاکیەکانی پرۆژەی فراوانکردنی مەودای کاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە عێراق و هەرێمی کوردستان کە رێکخراوی ئاشتی و ئازادی بە پاڵپشتی رێکخراوی فریاگوزاری میللەتی نەرویجی جێ بەجێی دەکات، ناوەرۆکی راپۆرتەکە تەنها گوزارشت لە بیروبۆچونەکانی رێکخراوی ئاشتی و ئازادی دەکات و رێکخراوی فریاگوزاری میللەتی نەرویجی و وەکالەی سیدا بەهیچ شێوەیەك بەرپرس نین لێی.


جۆر و ژمارەی پێشێلکاریەکان دژ بە میدیاکار و کەناڵە میدیاییەکان لە ساڵی ٢٠٢١
٤٩
١٥
٣١
٢٠٦
٥١
٥٨
١
١
هەڵکوتانە سەر میدیا، داخستن و...
هەڕەشە و سووکایەتی
پەلاماردان
ڕێگری لە ڕووماڵ
دەستبەسەرکردن
دەستگیرکردن و زیندانیکردن بە بڕیاری...
ڕفاندن
هەوڵی کوشتن

## میتۆدۆلۆژی و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی

چەند ئامرازێکی جیاجیا لە کۆکردنەوەی داتاکانی ئەم ڕاپۆرتەدا لەبەرگیراون؛ تیمەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی لە چوارچێوەی پرۆژەی چاودێریکردن و پاڵپشتی لە ئازادی ڕادەربڕین لەماوەی ساڵی ٢٠٢١دا، بەردەوام بوون لە چاودێریکردنی ڕەوشی ئازادی ڕادەربڕین لە هەرێمی کوردستان دا و بە ڕاستەوخۆیی لەگەڵ میدیاکاران و پەیامنێرانی دەزگەکانی ڕاگەیاندن و چالاکانی مەدەنی لە پەیوەندیدابوون، بەتایبەت ئەو میدیاکار و چالاکە مەدەنی و یان خۆپیشاندەران و بەشدارانی چالاکییە مەدەنییەکان کە ڕووبەڕووی پێشێلکاریی بوونەتەوە، لەلایەن تیمەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادییەوە پەیوەندییان پێوە کراوە و سەبارەت بە جۆر و وردەکاری پێشێلکارییەکە زانیارییان لێوەرگیراوە و تۆمار کراوە. لە هەمان کاتدا، بەشێک لە میدیاکاران و چالاکانی مەدەنی، خۆیان ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادییان ئاگەدار کردووەتەوە لەو پێشێلکارییانەی بەرانبەریان ئەنجام دراوە و زانیارییەکانیان تۆمار کراوە.

ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی لە کۆکردنەوەی داتاکانی ئەم ڕاپۆرتەدا، هەروەها پشتی بەستووە بە ڕاپۆرتی دەزگەکانی میدیایی و ڕێکخراوە پێوەندیدارەکان سەبارەت بەو پێشێلکارییانەی بەتایبەت بەرانبەر بە پەیامنێران و چالاکانی مەدەنی یان خودی دەزگەکان ئەنجام دراوە و داتاکانی پەیوەست بە پێشێلکارییەکانی دژ بە ئازادی ڕادەربڕینیان لێ وەرگیراوە و لەلایەن ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادییەوە تۆمار کراوە.

## هەوڵی کوشتن

ڕۆژی ١٣ی ئایاری ٢٠٢١، (ئەحمەد حەسەن) پەیامنێری کەناڵی فورات لە دیوانیە، هەوڵی تیرۆرکردنی درا و فیشەک بەر سەری کەوت، دوای گەڕانەوەی لە بەغدا، لەلایەن چەکدارانی نەناسراو لەبەردەم ماڵەکەی خۆی لە ناوچەی ئەلشامیە تەقەی لێکرا، سەرەڕای ئەوەی لە مردن ڕزگاری بوو، بەڵام تا ئێستا بەدەست کاریگەرییەکانی برینەکەیەوە ئازار دەچێژێت.

## ڕفاندن

لە ڕۆژی ٣ی ئابی ٢٠٢١ چەند چەکدارێکی دەمامکدار، لەبەردەم باڵەخانەی پارێزگای سلێمانی، (ئاسان ئەحمەد محەمەد) پەیامنێری دەزگەی «وشە»یان ڕفاند و ڕووبەڕووی لێدان و ئازاردانیان کردەوە، پاش شەش کاتژمێر لە ڕفاندنەکەی و دوای ئەوەی بەڵێننامەی پێ پڕ دەکەنەوە کە نابێت قسەیەک لەبارەی دەستگیرکردن و ڕفاندن و شێوازی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیدا بکات، بە چاوی بەستراوەوە لە سەر شەقام فڕێی دەدەن.

## سزادانی میدیاکاران لەلایەن دادگەوە

لەماوەی ئەمساڵدا، دادگەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، بڕیاری دەستگیرکردن، سزای زیندانیکردن و پێبژاردنیان لانیکەم لە دژی (٥٨) ڕۆژنامەوان و چالاکی مەدەنی دەرکردووە. هەندێک ڕۆژنامەوان و چالاکی مەدەنی، زیاتر لە جارێک و بە تۆمەتی جیاجیا بە پێبژاردن یان زیندانیکردن سزا دراون. بەشێک لە کەیسەکان سەرەڕای جێبەجێکردنی بڕیاری دەستگیرکردن، بەڵام هێشتا یەکلا نەکراونەتەوە، یان دەستگیرکراوەکان بە کەفالەت ئازاد کراون یان هێشتا لە زینداندان(ماوەی سزادانی پێشوو تەواو دەکەن یان هەر تەنیا ڕاگیراون).

ڕۆژنامەوان و چالاکی مەدەنی، بە تۆمەتی جیاجیا و بە یاسای جیاواز، یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن،

یاسای سزادانی عێراقی و یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تۆقاندن، پەلکێشی دادگەکان کراون و سزایان بەسەردا سەپێندراوە. ئەمساڵ، بەشێوەیەکی تایبەت، دادگەکان بەشدارییان لە سزادانی ڕۆژنامەوانان و چالاکانی مەدەنی کرد، ئەوەش پرسیاری زۆری لەسەر پرسی سەربەخۆیی دادگەکان و دەسەڵاتی دادوەری دروست کردەوە؛ میدیاکان، ڕێکخراوەکانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، لایەنە سیاسییەکان و فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، گومانی خۆیان لەسەر سەربەخۆیی دادگەکان و دەسەڵاتی دادوەری پیشان دا، یان هەر بەشێوەی ڕاستەوخۆ دادگەکان و دەسەڵاتی دادوەرییان بە جێبەجێکردنی «بڕیاری سیاسی» و وەلانانی سەربەخۆییان تۆمەتبار کرد. لە بەرانبەردا، دەسەڵاتی دادوەریی، لە چەند ڕوونکردنەوە و ڕاگەیەنراوی فەرمیدا، پێداگریی لەسەر سەربەخۆیی بڕیاری دادگەکان و دەسەڵاتی دادوەری کردەوە، بەڵام گومان و پرسیارەکان لە شوێنی خۆیان مانەوە. خاڵە نەرێنییەکە لە ئاستی ڕای گشتی دا، بە لەدەستدانی متمانەی زیاتر بە دادگەکان و دەسەڵاتی دادوەریی کۆتایی دێت، لەکاتێکدا میدیاکان، ڕێکخراوەکانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، پەرلەمانتارانی کە چاودێرانی پرۆسەی دادگەییکردنی ڕۆژنامەوانان و چالاکانی مەدەنییان دەکرد، بە تێکڕا جەختیان لەسەر دەستێوەردان لە بڕیاری دادگەکان دەکەنەوە، وەک یەکێک لە چاودێرانی پرۆسەی دادگەییکردنی دەستگیرکراوانی بادینان بە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی گوت: «دادگەکان تەنیا بەرگێکی یاسایی بە بڕیارێک دەدەن کە پێشتر لە دەرەوەی دادگەکان دراوە، بەڵکو بەسەر دادگەکان و دەستگیرکراوەکانیشدا سەپێندراوە». ئەوە بۆچوونی ئێستای زۆر لە ناوەندەکانی میدیایی، ڕێکخراوەکانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییە و ڕۆژانە دووپات دەکرێتەوە. لە چوارچێوەی سزادانی ڕۆژنامەوانان و چالاکانی مەدەنی لەلایەن دادگەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، دۆسیەی دەستگیرکراوانی بادینان زۆرترین دەنگدانەوە و کاردانەوەی دروست کرد.

هەرچۆنێک بێت، بەشداریکردنی دادگەکان لە سزادانی میدیاکاران و چالاکانی مەدەنی، بەو شێوەیەی لە ماوەی ئەمساڵدا تێبینی کرا، مەترسییەکی زۆری لەسەر ئازادی کاری ڕۆژنامەوانی و ڕێکخراوەیی و هەروەک چالاکییە مەدەنییەکان یان بەگشتی پانتایی ئازادی ڕادەربڕین دروست کردووە، پرسی دەستوەردان لە بڕیارەکانی دادگە، خۆڕا نییە، لەکاتێکدا بەرپرسانی زۆر باڵادەستی حکوومەتی هەرێم خۆی، دووپاتیان کردووەتەوە. لەو ڕوانگەیەوە، پێویستە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی مسۆگەر بکرێت و دەستێوەردان لە بڕیارەکانی دادگە بەتوندی ڕەت بکرێتەوە. خاڵی هەرەگرنگ، ئەگەر هەڵبژاردنی ڕێگەی دادگەیە، دەبێت ڕۆژنامەوانان بە یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٩ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. ئەوە لە دۆخێکدا، میدیاکاران و چالاکانی مەدەنی بە یاسای وەک یاسای سزادانی عێراقی و تا یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تۆقاندن سزا دەدرێن و لە بەرانبەردا ئەوانەی پێشێلکاریی بەرانبەر میدیاکاران و چالاکانی مەدەنی ئەنجام دەدەن، هیچ سزا و لێپێچینەوەیەکیان ڕووبەڕوو ناکرێتەوە.

لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١دا، بەرپرسێکی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی عێراق داوای یاسایی لەسەر (عەزیز ئەلروبەیعی) پێشکەشکاری تەلەفزیۆنی شەرقییە تۆمار کرد لە بەرانبەر ئاشکراکردنی دۆسیەی گەندەڵی لە وەزارەتی ناوخۆ و درکاندنی ناوی بەرپرسانی تێوەگلاو لە گەندەڵی.

لە ٣ی شوباتی ٢٠٢١دا دادگای لێکۆڵینەوە لەسەر بنەمای داوای یاسایی لەلایەن عەدنان دەرجال وەزیری لاوان و وەرزش و بە تۆمەتی ناوزڕاندن، سکاڵای لە دژی ڕۆژنامەوان (حەیدەر زەکی) تۆمار کرد.

لە ١٦ی شوباتی ٢٠٢١، دادگای تاوانەکانی هەولێر/٢ پاڵپشت بە یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٣)ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان، سزای شەش ساڵ زیندانی بەسەر هەریەک لە دەستگیرکراوانی بادینان (شێروان شێروانی، شیڤان سەعید عومەر، هاریوان عیسا، ئەیاز کەرەم ڕەشید و گوهدار محەمەدئەمین) سەپاند و لە ٢٧ی حوزەیرانی ٢٠٢١یشدا دادگای پێداچوونەوەی هەولێر جارێکی دیکە بڕیارەکەی دادگای تاوانەکانی پەسند کردەوە. تەنیا لەگەڵ یەکەمین بڕیاری دادگەی تاوانەکانی هەولێر لە دژی دەستگیراوانی بادینان، زیاتر لە ٣٠ لایەنی جیاجیا؛ ناوەندە میدیاییەکان، ڕێکخراوەکانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، فراکسیۆنە پەرلەمانییەکان، هێزە سیاسییەکان، کونسوڵخانەی وڵاتان و ...هتد لێدوانی ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیەنراوی تایبەتیان دەرکرد و نیگەرانی خۆیان لە بڕیارەکانی دادگە خستە ڕوو. هەموو ئەوانە، نەک گومانەکانیان لە

سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری زەقتر کردەوە، بەڵکو پرسیار و ڕەخنەی زۆریان لەسەر تێکڕای ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دروست کرد، وەها دەردەکەوێت ئەمساڵ زۆرترین ڕاگەیەنراو و لێدوان وەک مەترسی لە بەرتەسکبوونەوەی پانتایی ئازادی ڕادەربڕین لە هەرێمی کوردستان درا بێت، چ لە ئاستی ناوخۆیی و چ لە ئاستی نێودەوڵەتی دا.

لە ١٧ی ئایاری ٢٠٢١دا دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بەگوێرەی مادەی ٢ی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن و بەتۆمەتی هاندان بۆ شکاندنی قەدەغەی هاتوچۆ، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ ڕۆژنامەوان (ڕێبوار کەریم وەلی) دەرکرد.

لە ١١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١دا، لەلایەن دادگای دهۆک بڕیاری زیندانیکردن و پێبژاردن لە دژی نووسەر و ڕۆشنبیر (عەبدال نوری عەبدال) دەرکرا، لە بەرانبەر ئەو ڕەخنانەی لەبارەی جیهانی ئیسلامییەوە دەربڕی بوون. عەبدال نوری ئەو قسانەی لە بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنی لە ئەیلوولی ٢٠١٩ کرد، بەهۆیەوە ڕووبەڕووی لێپێچینەوە و سزادان کرایەوە.

لە ١٦ی ئایاری ٢٠٢١یشدا، (هێمن باقر) سەرنووسەری دیپلۆماتیک مەگەزین لەلایەن پۆلیسی سلێمانییەوە دەستگیر کرا و پاشان بە کەفالەتی چوار ملیۆن دینار ئازاد کرا. (هێمن باقر) ئاگەدارییەکی پێشوەختەی لە بڕیاری دەستگیرکردنی نەبوو، بەڵکو لەدوای دەستگیرکردنەکەی، پێی ڕاگەیەندراوە لە هەولێرەوە سکاڵای لە دژ تۆمار کراوە.

لە ١٢ی حوزەیران لەلایەن دادگای کەتنی هەڵەبجە و پاڵپشت بە مادەی ٢ی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، سزای شەش مانگ زیندانیکردن بەسەر ڕۆژنامەوان (ناسیح عەبدولرەحیم) سەپێندرا.

لە ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٢١یشدا، دادگای کەتنی دهۆک بڕیاری ساڵێک زیندانیکردن و پێبژاردنی ٢٤٠ هەزار دیناری بۆ (ئومێد حاجی فەتاح بەرۆشکی) دەرکرد، بە تۆمەتی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن و یاسای سزادانی عێراق.

لە ڕۆژی ٢٣ی ئەیلوولی ٢٠٢١دا، دادگەی تاوانەکانی دهۆک بەگوێرەی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن و لەسەر دوو سکاڵا کە لەدژی تۆمارکرابوون، سزای ساڵێکی دیکە زیندانیکردنی بەسەر ئومێد بەرۆشکی ڕۆژنامەنووسی سزادراوی بادینان دا سەپاند. هەمان ڕۆژ، ڕێڤینگ یاسین پارێزەری دەستگیرکراوانی بادینان، ڕای گەیاند، هەردوو سکاڵاکەی لە دژی بەرۆشکی تۆمار کراون، بەگوێرەی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن بوو. هەروەها دوو دۆسیەی دیکەش لەسەر ناوبراو ماون کە یەکێکیان لەدادگای هەولێر و دۆسیەکەی دیکەش لەدادگای دهۆکە.

لە ڕۆژی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، دادگەی کەتنی دووی دهۆک سزای شەش مانگی دیکە زیندانیکردنی بەسەر ئومێد بەرۆشکی دا سەپاند. ڕەمەزان ئەرتیسی پارێزەری دەستگیرکراوانی بادینان ڕایگەیاند، بۆ جاری شەشەم ئومێد بەرۆشکی لەلایەن دادگەی دووی کەتنی دهۆک لەسەر سکاڵای مەلا ئیحسان ڕێکانی ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەپەرلەمانی کوردستان دادگەیی کرا و سزای شەش مانگ زیندانیکردنی بەسەردا سەپێندرا. ئومێد بەرۆشکی پێشتر سێ جاری دیکە دادگایی و سزا دراوە، هێشتایش تۆمەتی دیکەی ڕووبەڕوو کراوەتەوە و چاوەڕوانی دادگەییکردنی دیکە دەکات، لەناویاندا تۆمەتبارکردنی بە تێکدانی ئاسایشی نیشتمانی.

لە ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٢١یشدا، دادگای کەتنی دهۆک سزای حەوت ساڵ زیندانیکردنی بەسەر ڕۆژنامەوان و فۆتۆگرافەر (قارەمان شوکری زەینەدین)دا سەپاند، قارەمان شوکری ڕۆژنامەوان و فۆتۆگرافەر پێشتریش دوو جاری دیکە لە ڕێککەوتی ٢٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ و ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٠دا لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیر کراوە و دواتر ئازاد کراوە.

لە ٤ی تەمووزی ٢٠٢١، لەلایەن دادگەی لێکۆڵینەوەی هەولێرەوە، سزای حەوت ساڵ زیندانیکردن بەسەر (قارەمان

شوکری) ڕۆژنامەوانی بادینان دا سەپێندرا. کەسوکاری ڕۆژنامەوانەکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، گوتیان: «قارەمان بە نهێنی دادگایی کراوە».

تۆمارکردنی سکاڵا لە دژی ڕۆژنامەوانان و چالاکانی مەدەنی و پەلکێشکردنیان بۆ دادگە لەسەر نووسین و چالاکی مەدەنی، لەماوەی ئەمساڵدا، حاڵەتێکی پێوانەیی تۆمار کرد. لە نموونەیەکی بێوێنەدا، بە یەکجار بڕیاری دەستگیرکردن بۆ لانیکەم (٤٠) کەس لەسەر سکاڵای بەڕێوەبەری تەندروستی دەربەندیخان لە سەرەتای تەمووزی ٢٠٢١دا دەرکرا، بە تۆمەتی نووسین و کۆمێنت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک. هەندێک لە ناوەندەکانی چاودێریی و کەناڵەکانی میدیاییش باسیان لە تۆمارکردنی سکاڵا لە دژی ٧٠ کەس کرد، لەکاتێکدا بەرپرسانی پۆلیس بڕیاری دەستگیرکردنی (٤٠) کەسیان پشتڕاست کردووەتەوە. ئەو لێشاوە لە فەرمانی دەستگیرکردن و پەلکێشکردن بۆ دادگە، پاش خۆپیشاندانی چالاکانی مەدەنی و دانیشتووانی دەربەندیخان هات، کە بەمەبەستی دەربڕینی داخوازی و نیگەرانییەکان لەمەڕ ڕەوشی تەندروستی، لەبەردەم قایمقامیەتی شارۆچکەکە کۆبوونەوە. دواتر ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەوان و چالاکانی مەدەنی و هاووڵاتییانی ئاسایی، لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە قسەیان لەسەر کەرتی تەندروستی و بەرپرسانی تەندروستی شارۆچکەکە کرد، لە بەرانبەردا، بەڕێوەبەری تەندروستی دەربەندیخان بە تۆمەتی سووکایەتی و ناوزڕاندن سکاڵای لەسەر دەیانیان تۆمار کرد کە تەنیا لەڕێگەی فەیسبووکەوە ڕەخنەیان لە ئەدای تەندروستی شارۆچکەکە گرت بوو یان نیگەرانیان پیشان دا بوو. لەو چوارچێوەیەدا، تەنیا لە ڕۆژی ٦ی تەمووزی ٢٠٢١دا، (٦) چالاکی مەدەنی کە نووسین و کۆمێنتیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوکردبووەوە، لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کران، بەرپرسانی پۆلیس جەختیان لەوە کردەوە، جگە لەو شەش کەسە، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ (٣٦) کەسی دی، بە هەمان شێوە لەسەر نووسین و کۆمێنتی فەیسبووک دەرچووە و پۆلیس هەوڵی دەستگیرکردنیان دەدات.

ڕۆژی ١٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، دادگەی هەولێر، سزای ساڵێک زیندانیکردنی بەسەر بەدەلال بەرواری دا سەپاند، بەپێی مادەی ٢٢٢ لە یاسای ژمارە ١٦ی ساڵی ١٩٦٩ی سزادانی عێراقی، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەدەل بەرواری ساڵێک زیاتر لە زیندان بوو، ماوەی زیندانیبوونی بۆ حیساب دەکرێت. پاڵپشت بە بڕیاری دادگە و بە حیسابکردنی ماوەی مانەوەی لە زینداندا، ڕۆژی ٢٠ی تشرینی یەکەم، بەدەل بەرواری ئازاد کرا.

لە ڕۆژی ٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١شدا، لەلایەن دادگەی هەولێرەوە، سزای زیندانیکردن بەسەر چەند چالاکی مەدەنی بادینان سەپێندرا. لەناویاندا شێروان تەها بە دوو ساڵ و سێ مانگ زیندانیکردن، مەسعوود عەلی بە سێ ساڵ و شەش مانگ، کارگەر عەباس بە ساڵێك و دوو مانگ زیندانیکردن و بە هەمان شێوە بەندەوار ئەیوب سزا دران. ئەوانەی دوایی، بە حیسابکردنی ماوەی مانەوەیان لە زینداندا، ئازاد کران، بەڵام هێشتا لە ژێر چاودێرییدا دەبن.

## دەستبەسەرکردن

لەماوەی (٢٠٢١/١/١ تا ٢٠٢١/١١/٣٠) ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی (٢٩) کەیسی دەستبەسەرکردنی تیمەکانی میدیایی لە عێراق و هەرێمی کوردستان تۆمار کردووە کە لە دژی (٥١) ڕۆژنامەوان لە (٢٢) کەناڵی جیاوازی میدیایی ئەنجام دراوە. هەموو ئەو دەستبەسەرکردنانە لە دەرەوەی هەر بڕیارێکی دادگە و بەتایبەت لەلایەن هێزە ئەمنی و سەربازییەکانەوە ئەنجام دراون. هەندێکیان بۆ ماوەیەکی کورت و هەندێکیان بۆ زیاتر لە شەو و ڕۆژێک بە دەستبەسەرکراویی هێشتراونەتەوە.

لە ٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١دا، هێزێکی ئەمنی ستافی کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس (پەیامنێر عەلی ساڵح و وێنەگرەکەی) لە کاتی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانەکانی ناوەڕاستی ناسریە دەستگیر کرد و بۆ بنکەی پۆلیس گواسترانەوە و پاش چەند کاتژمێرێک لە دەستبەسەرکردن، دواتر ئازاد کران.

ڕۆژی ١٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١، تیمی کەناڵی ئێن ئاڕ تی کە پێکهاتبوون لە (پەیامنێر نەبەز مقداد و کامێرامان

عەلی نورەدین) لە شاری کەرکووک و لەمیانەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی لەلایەن پۆلیسی فیدڕاڵییەوە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک دەستبەسەر کران.

ڕۆژی ١٢ی شوباتی ٢٠٢١ هێزێکی ئەمنی چەند کاتژمێرێک تیمی کەناڵی ڕووداو کە پێکهاتبوو لە (پەیامنێر هەردی محەمەد و وێنەگر ئەحمەد نەجات حوسێن) لە شاری کەرکووک لەکاتی کاردا دەستبەسەر کرد و کەلوپەلەکانیان زەوت کرد.

لە ١٦ی کانونی دووەمی ٢٠٢١ هێزێکی هاوبەشی سەربازی عێراق کە پێکهاتبوو لە هێزی ئاسایشی گەشتیاری و ئاسایشی نیشتیمانی لە هۆتێلێکی ناوەڕاستی شاری بەغداد لە ناوچەی کەڕادە ڕۆژنامەنوس قودس سامەرائیان دەستگیرکرد. دەستگیرکردنی ناوبراو لەسەر فەرمانێکی گرتن بوو کە دادگای لێکۆڵینەوەی ڕوومادی دژی ئەو دەریانکردبوو لەسەر ڕەخنەگرتنی سامەڕائی دژی فەرماندە سەربازیەکانی ڕوومادی لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان.

لە ٢٤ی شوباتی ٢٠٢١دا، هەریەک لە (تەحسین قاسم و نایف عیدۆ) پەیامنێر و کامێرامانی کەناڵی ئاسمانی ڕووداو، نزیکەی چوار کاتژمێر لەلایەن هێزێکی سەر بە حەشدی شەعبی لە سنووری شنگال دەستبەسەرکران و لەگەڵ ئەوەشدا ڕووبەڕووی لێدان و بریندارکردن بوونەوە. بەگوێرەی کەناڵی ئاسمانی ڕووداو، (تەحسین قاسم) پێش دەستگیرکردنی، بە ناوەندی سەرەکی کەناڵەکەی لە هەولێر ڕاگەیاندووە؛ لیوای ٢١ی حەشدی شەعبی ئاگاداریيان کردووەتەوە کە بڕیاری دەستگیرکردنی دەرچووە و دەبرێتە تەلەعفەر و لەوێ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

ڕۆژی ٤ی ئازاری ٢٠٢١، هەریەک لە (ڕزگار کۆچەر و گۆران عەبدولخالق) پەیامنێر و کامێرامانی ئێن ئاڕ تی لەسنووری پارێزگای مووسڵ و لەکاتی ڕووماڵکردنی سەردانی پاپا بۆ قەرەقوش لەلایەن هێزێکی چەکداری نەناسراوەوە دەستبەسەر کران و پاش نزیکەی دوو کاتژمێر ئازاد کران.

لە ١٧ی ئازاری ٢٠٢١دا، (ڕێبین فەریق) کامێرامانی ماڵپەڕی سبەی، لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە دەستگیر کرا، پاش ڕووماڵکردنی خۆپیشاندان و کربوونەوەی قوتابییانی پۆلی ١٢ی ئامادەیی و لەکاتی چوونەوە بەرەو ئۆتۆمبێلەکەی. (ڕێبین فەریق) زیاتر لە شەش کاتژمێر لە ئاسایشی سلێمانی دەستبەسەر دەکرێت و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت و دواتر ئازاد دەکرێت.

لە ٨ی نیسانی ٢٠٢١، لەلایەن هێزێکی ئاسایشەوە ڕێگریی لە هەریەک لە (تەمەن عەبدوڵا و محەمەد خەلیل شوانی) تیمی ئاژانسی وڵات کرا، کە ڕووماڵی گردبوونەوەیەکی دانیشتووانی گەڕەکی ژین لە کۆمەڵگەی دارەتوو لە سنووری هەولێر بکەن، کە دژ بە کەمی ئاوی خواردنەوە ساز کرا بوو، هەردوو میدیاکارەکە تا ماوەیەکیش لەلایەن ئاسایشەوە دەستبەسەرکران.

لە ٢٥ی نیسانی ٢٠٢١دا و لەکاتی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانێک لە ناوەندی سلێمانی کە بەبۆنەی ناڕەزایەتی دژ بە لەشکرکێشی و داگیرکارییەکانی تورکیا ئەنجامدرا بوو، (ڕێباز حەسەن) ڕۆژنامەوان و پەیامنێری ئاژانسی (ANF) دەستگیرکرا و دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە زیندانی ئاسایش، ئازاد کرا.

لە ٢٧ی نیسانی ٢٠٢١دا، هەریەک لە (خالید محەمەد) پەیامنێری ئێن ئاڕ تی و (هەژار ڕەشید) پەیامنێری ڕۆژنیوز و کەی ئێن ئێن، جگەلە ڕێگریی لە ڕووماڵکردن، لەلایەن هێزێکی سەر بە ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی هەولێر-کۆیە دەستگیرکران و ماوەی دوو کاتژمێر لە ئاسایشی کۆیە بە دەستبەسەرکراویی هێشترانەوە.

لە ٣ی ئایاردا، ڕۆژنامەوان (بەشداری بازیانی) و کامێرامان (جەهانگیر ئەحمەد) تیمی دیپلۆماتیک مەگەزین، بۆ ماوەی نیو کاتژمێر بە فرمانی پارێزگاری سلێمانی دەستبەسەرکران، سەرەڕای دەستگرتن بەسەر کەلوپەلە ڕۆژنامەوانییەکانیاندا.

لە ٢ی حوزەیرانی ٢٠٢١دا، تیمی کەناڵی ئێن ئاڕ تی لە دهۆک کە پێکهات بوون لە (ئارام حوسێن و محەمەد سدقی) لەکاتی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانێکی خاوەن یەکەکانی نیشتەجێبوون لەبەردەم باڵەخانەی پارێزگای دهۆک، سەرەڕای ڕێگریی لە ڕووماڵکردن و دەستبەسەرداگرتنی کەلوپەلە ڕۆژنامەوانییەکانیان، خۆیشیان بۆ ماوەیەک دەستبەسەر کران.

ڕۆژی ٥ی حوزەیرانی ٢٠٢١ ئەندامانی هێزەکانی پاراستنی دەزگا نەوتییەکان لە شاری مووسڵ (محەمەد ئەلتائی) پەیامنێری کەناڵی (هنا بغداد) لە میانەی ئەرکی ڕۆژنامەوانیدا دەستبەسەر کرد، لە نزیک بنکەی شەهیدانی حکوومی، ئەندامانی پاراستنی وێستگەکە ڕێگریان لە ڕۆژنامەنووسەکە کرد کارەکەی ئەنجام بدات و بەتوندی دەستدرێژیانکردەسەر و مۆبایلەکەیان شکاند و کامێرای کەناڵەکەیان زەوت کرد، پێش ئەوەی ڕادەستی ئەندامانی پۆلیسی کەرامەی بکەن.

لە ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٢١، کاتێک گرژی و تەقەکردن لە شاری سلێمانی لەلایەن هێزە ئەمنی و سەربازییەکان دروستبوو، چەندین ڕۆژنامەوان و میدیاکار، سەرەڕای ئەوەی ڕێگرییان لێکرا ڕووماڵ بکەن و دەست بەسەر کەلوپەلە ڕۆژنامەوانییەکانیاندا گیرا، (محەمەد حوسێن و کارزان تاریق) پەیامنێر و کامێرامانی کەناڵی ئێن ئاڕ تی بۆ ماوەیەک لەلایەن ئاسایشەوە دەستبەسەرکران.

لە ١ی تەمموزی ٢٠٢١ هێزەکانی ئاسایش میدیاکارانی ئەلحورەی عێراقیان لە ناو گۆڕەپانی خۆپیشاندانداندا دەستبەسەر کرد لە کاتی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانەکاندا کە داوای خزمەتگوزاری باشتریان لە نەهرەوان دەکرد.

لە ٥ی تەمووزی ٢٠٢١ هێزێکی ئەمنی (راسیم ئەلسەعیدی) پەیامنێری کەناڵی دیجلەی لە زیقار دەستگیر کرد، لە کاتێکدا لە نزیک نووسینگەی پارێزگەکەدا سەرقاڵی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانەکان بوو. هێزە ئەمنییەکە ڕێگریان لە ڕووماڵی میدیایی کرد و لە پەیامنێرەکەیان دا و بۆ ماوەی زیاتر لە سێ کاتژمێر دەستبەسەریان کرد.

لە ١٣ی تەمووزی ٢٠٢١ دەزگای هەواڵگری عێراقی پەیامنێری کەناڵی ئاڕ تی (ڕووسیای ئەمڕۆ) (ئەشرەف ئەلعەزاوی)یان دەستگیرکرد، دوای ئەوەی هێزەکە هەڵیانکوتایە سەر بارەگای کەناڵەکە لە بەغدا و بەبێ فەرمانی دادوەر بۆ شوێنێکی نادیاریان برد و پاش پێنج کاتژمێر لە دەستبەسەرکردن، بە کەفالەت ئازاد کرا.

ڕۆژی ١٦ی تەموزی ٢٠٢١، تیمی کەناڵی کوردستان ٢٤ کە پێکهاتبوون لە (هێمن دەلۆ پەیامنێر و سەباح ئەنوەری کامێرامان) لەلایەن هێزێکی سەر بە سوپای عێراق لە سنوری پردێی سەر بە کەرکووک ڕێگریی لە کارەکانیان کرا.

ڕۆژی ٢٤ی تەمووزی ٢٠٢١ پاسەوانانی سادق موسەوی بەڕێوەبەری دەستەی گواستنەوەی کەربەلا، (حەیدەر هادی) پەیامنێری ئەلحوڕەی عێراق لە کاتی جێبەجێکردنی کارەکانی لە یەکێک لە گەراجەکانی کەربەلا دەستبەسەر کرد، بە جنێو و بوختان دەستدرێژیان کردە سەر و بۆ بنکەی عەباسیەیان گواستەوە و بۆ ماوەی کاتژمێرێک لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرد و پاشان ئازاد کرا.

لە ٢٧ی تەمووزی ٢٠٢١ هێزێکی ئەمنی ڕێگریی لە تاوان و پارەسپیکردنەوە (عەلی ئەلزەبحاوی) پێشکەشکاری بەرنامەی (استودیو التاسعة)، و بەڕێوەبەری بەشی هەواڵی کەناڵی تەلەڤزیۆنی بەغدادیە (تەها خەلیل)یان دەستگیر کرد و بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر لە دەستبەسەرییدا هێشترانەوە.

ڕۆژی ٧ی ئابی ٢٠٢١، هەریەک لە (ئەیوب وەرتی و هەنگاو غەفوور) تیمی تۆڕی میدیایی ئێستا، لە نزیک شارۆچکەی مەخموور لەلایەن هێزێکی چەکدارەوە دەستبەسەرکران. ئەیوب وەرتی بە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ڕاگەیاند: «لەگەڵ هەنگاو غەفوور چووینە مەخموور، بەمەبەستی ڕاپۆرتێکی بەدواداچوونی لەسەر دۆخی ناوچەکە، کە ئەوکاتە داعشی هێرشی کرد بوو،

ئێمە بەدواداچوونێکی ورد و جوانمان کرد، لەکاتی گەڕانەوەماندا، لە مەخموور دەرچووین و هێزێک بە دوو ئۆتۆمبێلی سەربازی پێشیان پێگرتین، ئێمەش وەستاین و هاتن گوتیان ئێوە کێن، خۆمان پێناساندین کە ڕۆژنامەنووسین و کارێکی ڕۆژنامەوانیمان لە مەخموور کردووە، گوتیان نابێت و ڕاستەوخۆ دەستگیریان کردین، مۆبایلەکانیان وەرگرتین و سەیریان کرد، وێنەگرەکە ڤیدیۆی کارەکەی لە مۆبایلەکەیدا ڕەش کردبووەوە و لە شوێنێکی دیکە شاردبوویەوە، ئەوان هیچیان تێدا نەدۆزیەوە، پاشان دیسان داوای مۆبایلەکەیان کردەوە، لێیان سەند و بە زەویەکەیاندادا و شکاندیان، لەوێ پاش چەند خوولەکێک گوتمان ئێوە هەڵە دەکەن، خۆ ئێمە داعش نین، هەروا ئێمەیان ڕاگرت تا دوواتر بە هەوڵ و هیمەتی پێشمەرگەکان لە دەست ئەو هێزە سەربازییە ڕزگاریان کردین، کە جلی ڕەشیان لەبەربوو، ئێمە ئێستایش نەمانزانی کێ بوون».

لە ٩ی ئابی ٢٠٢١ ئەفسەرێکی ئاسایش بە پلەی عەقید پەیامنێری ئێن ئاڕ تی (نور ئەلسەعیدی) بۆ ماوەی نیو کاتژمێر لە کاتی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانی ستافی گرێبەستی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە شاری زیقار، بەبێ بڕیاری دادوەر و، بێ ئەوەی هۆکارەکان بزانرێت، دەستبەسەر کرد.

ڕۆژی ٤ی ئەیلوولی ٢٠٢١ هێزێکی ئەمنی لە کەرکوک پێنج ڕۆژنامەنووسیان دەستگیرکرد لەکاتی ڕووماڵکردنی ڕووداوەکانی ئەمنی لەگوندی (شەعل)ی سنووری شارەدێی سەرگەڕان، (ئۆژین محەمەد و هیشام محەمەد پەیامنێر و کامێرامانی ئاژانسی هەواڵی ئەنادۆڵی تورکیا، دیار محەمەد و عەلی بەغدادی پەیامنێر و کامێرامانی ئێن ئاڕ تی، و یوسف موراد پەیامنێری تەلەفزیۆنی کەرکووک)، دوای زیاتر لە دوو کاتژمێر دەستبەسەرکردن، ئازاد کران.

لە ١٧ی ئەیلوولی ٢٠٢١دا، هەردوو ڕۆژنامەوان (کارزان تاریق و گۆران محەمەد) لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی شاری سلێمانی دەستگیرکران، لەکاتێکدا کارزان  و گۆران ناسنامەی ڕۆژنامەوانی و باجی کارکردنی کەناڵەکانیان پێ بووە و تەنیا بە مۆبایلەکانیان ویستویانە وەکو ڕۆژنامەنووسێک ڕووماڵی خۆپیشاندانەکان بکەن. هەردوو ڕۆژنامەوانەکە زیاتر لە ٢٤ سەعات لە زیندانێدا هێشترانەوە، بەبێ ئەوەی کەسوکار و دەزگەکانیان و هاوڕێیانیان هیچ زانیارییەکیان لەسەر شوێنی ڕاگرتن و زایندانیکردنیان هەبێت. ڕۆژی دوای دەستگیرکردنەکە، ژمارەیەک لە ڕۆژنامەوانانی دەزگەکانی ڕاگەیاندن، لە بەردەم لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان گردبوونەوە و یاداشتێکی ناڕەزایەتییان دژ بە دەستگیرکردنی هەردوو ڕۆژنامەوانەکە خوێندەوە و داوایان کرد هەرچی زووە چارەنووسی هەردوو ڕۆژنامەوانەکە ئاشکرا بکرێت و ئازاد بکرێن.

لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، ئەفسەرانی پۆلیس لە بنکەی (عەقبە بن نافع) لە کەرکووک، (ئاکام وەزیری) پەیامنێری ماڵپەڕی (شارپرێس)یان لە ناو بنکەکەدا دەستبەسەرکرد، لەکاتی ڕووماڵکردنی گردبوونەوە لە دامەزراوە نەوتییەکاندا، مۆبایلی پەیامنێرەکە زەوت کرا و پاش زیاتر لە کاتژمێرێک لە دەستبەسەرکردن، ئازاد کرا و ناچار کرا ئەو لێدوانانەی وەریگرت بوون، بسڕێتەوە.

لە ڕۆژی ٢١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١دا، لەلایەن ژمارەیەک لە خۆپیشاندەرانەوە و لە نزیک ناوچەی سەوز پەیامنێری کەناڵی ڕووداو (مستەفا گۆران و فۆتۆگرافەر مونتەزەر جەعفەر) لە ناو چادری خۆپیشاندەراندا و بۆ ماوەی چوار کاتژمێر دەستبەسەرکران، لەکاتێکدا خەریکی ڕووماڵکردنی ناڕەزایەتییەکانی پێوەست بە ڕەتکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بوون، بەبیانووی ئەوەی هەڵوێستەکانیان پێچەوانەی داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانە.

لە ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١دا هێزەکانی ئاسایش پەیامنێری کەناڵی جەزیرە لە بەغدا (جۆنی تانیوس) و کامێرامان (ڕیحان عەبدولوەهاب)یان لە ناوچەی سەوز بۆ ماوەی یەک کاتژمێر دەستبەسەرکرد، لە کاتێکدا سەرقاڵی کاری میدیایی خۆیان بوون.

ڕۆژی ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، لەکاتی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانەکانی قوتابییان لە شاری سلێمانی، چوار

ڕۆژنامەوان (عەباس محەمەد لە کەناڵی ئەلئیشراق، ڕاژان ماجد لە کەناڵی ئەلبەغدادیە، بەرهەم لەتیف و بڕوا ئەسعەد لە میدیای ڕۆژنیوز) لەلایەن هێزێکی نەناسراوەوە دەستگیر و دەستبەسەرکران، پاش زیاتر لە ٢٤ کاتژمێر و لەژێر فشاری ناوەندە میدیاییەکان و ڕێکخراوەکاندا ئازاد کران.

لە ١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١دا بەڕێوەبەرایەتی تاوانەکان پەیامنێری کەناڵی ئەلعەهد (حەمید مەجید ئەلفەهداوی) یان لە ئەنبار بەبێ تۆمەت و فەرمانی دەستگیرکردن، دەستبەسەر کرد. پەیامنێرەکە بۆ ماوەی شەش ڕۆژ لە بەندیخانەی بەڕێوەبەرایەتی تاوانەکانی ئەنبار هێشترایەوە و دواتر ئازاد کرا.

## ڕێگریی لە ڕووماڵ و زەوتکردنی کەلوپەلی ڕۆژنامەوانی

لەماوەی ساڵی ٢٠٢١دا، ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی (٧٩) دۆسیەی ڕێگریی لە ڕووماڵیکردنی میدیایی تۆمار کردووە کە دژ بە (٢٠٦) میدیاکار و (٥٧) دامەزراوەیی میدیایی لە عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە(ڕۆژنامەوان هەیە، زیاتر لە پێنج جار و لە پێنج کەیسی جیادا، ڕێگریی لێکراوە). لەزۆرینەی حاڵەتەکانی ڕێگریی لە ڕووماڵ، هاوکات دەست بەسەر کەلوپەلیی ڕۆژنامەوانی تیمەکانی میدیاییدا گیراوە.

زۆرینەی هەرە زۆری پێشێلکارییەکانی ڕێگریی لە ڕووماڵی میدیایی لەلایەن هێزەکانی ئەمنی و سەربازییەوە ئەنجام دراوە، سەرەڕای ئەوەی چەند دۆسیەیەکی پێشێلکاریی لەلایەن خۆپیشاندەران، هاندەرانی وەرزشی و بەرپرسانی حکوومی(مەدەنی) ئەنجام دراوە.

لە ٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١دا، لەناو حەرەمی پەرلەمانی کوردستان و لەلایەن پاسەوانێکی پەرلەمانەوە، هێرش کرایە سەر (ئەیوب عەلی وەرتی) پەیامنێری تۆڕی میدیایی ئێستا، لەکاتێکدا سەرقاڵی وەرگرتنی لێدوان بوو لە ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان، پاسەوانێکی پەرلەمان پەلاماری ڕۆژنامەوانەکەی دا و پێی گوت؛ «بە شەق دەتکەمە دەرەوە».

لە ڕۆژی کانوونی دووەمی ٢٠٢١دا، لەلایەن پاسەوانەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە ڕێگریی لە (هێرش قادر و سۆران ئەحمەد) پەیامنێر و کامێرامانی کەناڵی ئێن ئاڕ تی کرا ڕووماڵی مەراسیمی دەستبەکاربوونی وەزیری سامانە سروشتییەکان بکەن.
لە ٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ بەرپرسی پۆلیس لە فەرماندەیی پۆلیسی واسیت ڕێگری لە (نەسیر ئەلکابجی) پەیامنێری دەزگای میدیایی ئەلمەربەد کرد لە ڕووماڵکردنی ڕێپێوانە سەربازییەکان کە لە ناو بنکەی ئاسمانی کوتدا بەڕێوەچوو.

لە ١٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ بەڕێوەبەری بەشی تاقیکردنەوەکانی پەروەردەی بەسرە (عەباس وەلی) ڕێگریی لە ستافی تەلەفزیۆنی ئەلڕەشید کرد کە پێکهاتبوون لە (پەیامنێر عەدنان عەلی و وێنەگر مورتەزا عەبدولحوسێن) کە ڕووماڵی ڕێکارەکانی تایبەت بە پێشکەشکردنی تاقیکردنەوەی دەرەکی قوتابیان لە بەسرە بکەن.

لە ١٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ ئەفسەرێکی ئەمنی لیوای ٧ی پۆلیسی فیدراڵی ڕێگری لە کارمەندانی کەناڵەکانی سۆمەریە و تەلیعە کرد کە خۆپیشاندانی دانیشتوانی ئەلسەیدیە لەبەردەم کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی (المحبة) لەبەغدا ڕووماڵ بکەن.

ڕۆژی ١٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١، ئەندامێکی پۆلیسی فیدراڵی ڕێگریی لە ستافی کەناڵی ئاسیا کە پێکهاتبوون لە (پەیامنێر محەمەد فەرید و وێنەگر عەلا جەبار) کرد و کەلوپەلی ڕۆژنامەوانی و مۆبایلەکانیانیان تێکشکاند، لە کاتێکدا ڕۆژنامەوانەکان لە ناوچەی ئەلسەیدیەی بەغدا بوون بۆ ڕووماڵکردنی ناڕەزاییەکانی دانیشتوانی بەردەم کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی (المحبة).

لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١دا، ئەفسەرێکی ئاسایش لە هێزەکانی کۆمپانیای نەوتی کەرکووک ڕێگری کرد لە تیمەکانی ئاژانسەکانی (ئەنادۆڵی تورکی و کەرکوک ناو) کە پێکهاتبوون لە کاروان ساڵحی پەیامنێری کەرکوک ناو و ئۆژین ڕەمەزان پەیامنێری ئەنادۆڵ، لەکاتی ڕووماڵی خۆپیشاندانی خوێندکاراندا.

لە ٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١دا، ڕاگری فاکەڵتی زانست لە زانکۆی بەسرە، ڕێگری لە (مازن ئەلتیار) پەیامنێری کەناڵی تەلەفزیۆنی عەرەبیە کرد لە ڕووماڵکردنی مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆکە، هەروەها بەرپرسەکەی زانکۆ داوای لە پەیامنێرەکە کرد کە پەیمانێکی نووسراو واژۆ بکات کە جارێکی تر نەچێتەوە بۆ زانکۆ، بەڵام ڕەتی کردەوە ئیمزای بکات.

لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١دا، ڕێگریی لە (پێشەوا بەختیار و زانا جەلال) پەیامنێر و کامێرامانی کەناڵی (BMC) کرا کە دەیانویست ڕووماڵی ئاگرکەوتنەوەیەک لە نەخۆشخانەی شار لە سلێمانی بکەن و لەلایەن پاسەوانانی نەخۆشخانەکەوە هێرش کرایە سەریان و دەستیش بەسەر کەلوپەلە ڕۆژنامەوانییەکانیاندا گیرا.

لە ١ی شوباتی ٢٠٢١ سەرۆکی زانکۆی سۆمەر ڕێگری کرد لە ڕووماڵی تیمی کەناڵەکانی (ئافاق و النجباء و الاتجاه) کە پێکهاتبوون لە (حوسێن ئەلخەفاجی پەیامنێری کەناڵی الاتجاه، ئەزهر ئەلزرفی وێنەگری کەناڵی ئافاق، ئەسما ئەلشعلان پەیامنێری کەناڵی النجباء و وێنەگرەکەی حەیدەر حنون).

لە ٧ی شوباتی ٢٠٢١دا، عەلا کازم سەرۆکی یانەی (الطلبة) لەکاتی کاردا بە توندی لە پەیامنێری بەرنامەی کوررە (ئەحمەد عەتوانی) دا و لووتی شکاند و ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا بۆ چارەسەرکردن.

لە ١٠ی شوباتی ٢٠٢١دا لە سنووری ئاکرێ-دهۆک ڕێگری لە (شەکێران زێباری) پەیامنێری کەناڵی ئێن ئاڕ تی کرا، کە بەدواداچوون و ڕووماڵی بۆردمانەکانی تورکیا لە دەڤەرەکەدا بکات.

لە ٢١ی شوباتی ٢٠٢١دا، ڕێگری لە هەریەک لە (ئیبراهیم ئیسماعیل و ئازاد ئۆمەراوەیی) تیمی کەناڵی ئاسمانی پەیام کرا کە ڕووماڵی وەستانی جوڵەی گەشتیاریی بکەن لە سنووری پارێزگای هەولێردا.

لە ٦ی ئازاری ٢٠٢١ سەرۆکایەتی وەزیرانی عێراق ڕێوشوێنی تایبەتی بەسەر ڕۆژنامەنووسانی ئامادەبوودا سەپاند بۆ ڕووماڵکردنی سەردانەکەی پاپای ڤاتیکان بۆ نەجەف و ڕێگریان کرد لە ڕووماڵی میدیایی و تەنیا تەلەفزیۆنی ئەلعێراقیە ڕێگەی پێدرا ڕووماڵ بکات، ئەوانەی ڕێگرییان لێکرا پێکهاتبوون لە (موعاتز ئەلعبودی پەیامنێری کەناڵی زاگرۆس، سەلمان ئەمین و محەمەد ئەلسەواف وێنەگرانی ئاژانسی فەرەنسی، قسام ئەلکەعبی وێنەگری بی بی سی، وەلا ئەلغەزالی پەیامنێری ئەلعالەم و وەقاس ئەلفەتلاوی پەیامنێری کەناڵی ئەلبلادی).

لە ٧ی ئازاری ٢٠٢١دا، (زیا ئەلموهەجە) پەیامنێری ڕادیۆی ئەلمەربەد لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە بەتوندی لێیدرا و هەڕەشەی قورسی لێکرا لەکاتی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانەکانی پارێزگای دیوانییەدا.

لە ١١ی ئازاری ٢٠٢١دا، لەکاتی ڕووماڵکردنی ئاگرکەوتنەوەیەک لە کۆگایەکی هەولێر، لەلایەن چەند کەسێکەوە بە جلی مەدەنی هێرش کرایە سەر (یوسف فارس ئیسماعیل) کامێرامانی تۆڕی میدیایی ئێستا و ڕێگریی لە ڕووماڵی میدیایی کرا.

لە ١٤ی ئازاری ٢٠٢١دا پۆلیسی تاوان لە تیمی کەناڵی (ئاسیا)ی دا کە پێکهاتبوو لە (پەیامنێر حەیدەر ساڵح و وێنەگر زەید ئەلسالمی)، وێڕای پیشاندانی ناسنامەکەیان لە کاتی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانەکاندا کە داوای دەرکردنی پارێزگاری نەجەف و جێگرەکەیان دەکرد.

له ١٦ی ئازاری ٢٠٢١دا، هێزەکانی سوات ڕێگرییان لە پەیامنێری ئاژانسی هەواڵی عێراقی (حەیدەر فەرمان) کرد کە ڕووماڵی خۆپیشاندانەکانی نەجەف بکات و لەلایەن کارمەندێکی سواتیشەوە سووکایەتی بە پەیامنێرەکە کرا.

له ١٧ی ئازاری ٢٠٢١دا، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگریی لە ڕووماڵی تیمی ئێن ئاڕ تی (سۆران محەمەد و مەحموود ڕزگار) پەیامنێر و کامێرامانی کەناڵەکە لە شاری کەرکووک کرا کە ڕووماڵی پووچەڵکردنەوەی بۆمبی چێنراو بکەن.

له ڕۆژی ١٨ی ئازاری ٢٠٢١دا، لەلایەن ئاسایشی بازگەی سیدەکان لە سنووری پارێزگای هەولێر، ڕێگریی لە هەریەک لە (عەبدۆ ڕۆستایی) پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی ئێن ئاڕ تی، (زۆسک باڵەک) پەیامنێری تۆڕی میدیایی ژیان، (ئازاد ئۆمەراوەیی) پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی پەیام و (یونس حەمەد) پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی سپێدە کرا کە بۆ ڕووماڵکردنی کێشەی کتێبخانەی گوندی دەرهۆڵ سەردانی ناوچەکەیان کردبوو.

له ٢٤ی ئازاری ٢٠٢١دا، ئەفسەرێکی ئاسایش لە بەغدا ڕێگری کرد لە تیمەکانی کەناڵی (ئافاق و بەغدادیە و ئەلڕەشید و ئەلغەدیر) بۆ ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانێک کە لەلایەن کارمەندانی گرێبەستی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە ڕێکخرا بوو.

له ٣١ی ئازاری ٢٠٢١دا، ئەفسەرێکی ئاسایش لە ئەنجوومەنی نوێنەران ڕێگری لە تیمی تەلەڤزیۆنی شەرقیە کە پێکهاتبوو لە (پەیامنێر محەمەد سەعد و وێنەگر ئەحمەد لابیب) کرد، لەکاتی ڕووماڵکردنی دەنگدان بۆ پەسەندکردنی بودجە.

له ٢٧ی نیسانی ٢٠٢١دا، لەلایەن پاسەوانەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە ڕێگریی لە هەریەک لە (دیدار حوسێن و ئەیوب ساڵح) پەیامنێر و کامێرامانی تۆڕی هەواڵی ژیان و لە هەمان کات و شوێندا (تەمەن عەبدوڵا و محەمەد خەلیل شوانی) تیمی ئاژانسی وڵات کرا کە ڕووماڵی میدیایی بکەن و دەستیش بەسەر کەلوپەلە ڕۆژنامەوانییەکانیاندا گیرا.

له ٣ی نیسانی ٢٠٢١دا، تیمی کەناڵی سپێدە کە پێکهاتبوون لە پەیامنێر و کامێرامان (سۆران محەمەد و مەحموود ڕزگار) لەلایەن هێزەکانی هەواڵگری کەرکووک وێڕای ڕێگرییکردنیان لە ڕووماڵکردنی پرۆسەی لەناوبردنی کاڵا و بەرهەمە تێکچووە هاوردەکان، دەستیش بەسەر مۆبایلەکانیاندا گیرا.

له ١٢ی نیسانی ٢٠٢١دا، پۆلیسی کەرکووک ڕێگرییان لە پەیامنێری دەزگەی ستاندەر (ئاکام وەزیری) کرد کە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی لەسەر نرخی دۆلار لە بازاڕی ڕەحیماوای شاری کەرکووک ئامادە بکات.

له ٢٧ی نیسانی ٢٠٢١دا تیمی کەناڵی ئێن ئاڕ تی کە پێکهاتبوون لە پەیامنێر و کامێرامان (هێرش قادر و گۆران عەبدولخالق) لەلایەن پاسەوانەکانی پەرلەمانەوە و لە بەردەم باڵەخانەی پەرلەماندا ڕێگرییان لێکرا ڕووماڵی میدیایی بکەن.
له ٢٧ی نیسانی ٢٠٢١ ڕێگریی لە هەریەک لە (ئومێد چۆمانی و سۆران ئەحمەد) تیمی کەناڵی ئێن ئاڕ تی کرا کە دەیانویست ڕووماڵی سەردانی وەزیری دەرەوەی ئێران بکەن و ڕێگەیان نەدرا بچەنە ناو فڕۆکەخانەی هەولێرەوە.

له ١ی ئایاری ٢٠٢١ پۆلیسێکی هاتوچۆ ڕێگری لە پەیامنێری کەناڵی سۆمەرییە (ئەمیر خەفاجی) کرد کە لە خاڵێکی پشکنینی شەقامی ئەبو نەواسەوە بپەڕێتەوە بۆ شوێنی کارەکەی، لەسەر بنەمای قەدەغەکردنی ڕێگریکردن لەکاتی پەتای کۆرۆنا و بڕی ١٠٠ هەزار دینار غەرامەی بۆ نووسی، سەرەڕای پیشاندانی ناسنامەکەی و وێڕای ڕێنماییەکان کە ڕۆژنامەنووسانیان لە بڕیاری قەدەغەی هاتوچۆ بەدەر دەکرد.

له ٢ی ئایاری ٢٠٢١دا، لەلایەن پۆلیسی هەولێرەوە ڕێگریی لە (هێرش قادر و ڕێبین عەلی) پەیامنێر و کامێرامانی کەناڵی

ئێن ئاڕ تی کرا، کە ڕووماڵی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی تایبەت بە دەستگیرکردنی ژمارەیەک تۆمەتبار بکەن.

لە ٣ی ئایاری ٢٠٢١دا، ڕێگریی لە (دیدار حوسێن و گۆران عەبدولخالق) پەیامنێر و کامێرامانی تۆڕی هەواڵی ژیان کرا کە ڕووماڵی سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ لای کۆمەڵ و یەکگرتوو بکەن.

لە ٥ی ئایاری ٢٠٢١دا و لەکاتی ڕووماڵکردنی خولی یانە پلە یەکەکان لە یاریگای برووسک لە شاری هەولێر، هێرش کرایە سەر هەریەک لە (قەهار حوسێن و محەمەد ڕەوف) تیمی کەناڵی ئاسمانی سپێدە.

لە ٨ی ئایاری ٢٠٢١دا، ڕێگریی لە (هێرش قادر و ڕێبین عەلی) پەیامنێر و کامێرامانی کەناڵی ئێن ئاڕ تی کرا کە ڕووماڵی کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بکەن.

لە ٢٥ی ئایاری ٢٠٢١دا، هێزەکانی ئاسایش ڕێگرییان لە ڕووماڵی تیمی کەناڵەکانی (ئەلجەزیرە، ئەلبەغدادیە، وای نیوز، عێراق ٢٤، ئاسیا، ئەلسۆمەریە و ڕووداو) کرد، لەکاتی ڕووماڵکردنی ناڕەزاییەکان دژی گەندەڵی لە مەیدانی تەحریر و نسوردا.

لە ٢ی حوزەیرانی ٢٠٢١دا، لەلایەن پاسەوانانی وەزیری ناوخۆی حکوومەتی عێراق و  بە فرمانی وەزیری ناوخۆ دەست بەسەر مۆبایلی پەیامنێری ڕادیۆی (ئەلئەمەل) لە بەسرە (سەفا ئەلفەریجی)دا گیرا، لەکاتی ڕووماڵکردنی کۆبوونەوەیەکی ئەمنی کە لەلایەن وەزیری ناوخۆوە لە بینای فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی بەسرە بەڕێوەدەچوو، ئەو ڤیدیۆییانەی لە لایەن پەیامنێرەوە گیرابوون، ڕەش کرانەوە.

لە ٥ی حوزەیرانی ٢٠٢١دا، هێرش کرایە سەر (سەباح سۆفی) پەیامنێری کەناڵی ئێن ئاڕ تی، لەکاتێکدا سەرقاڵی ڕووماڵکردنی ئاگرکەوتنەوەیەک بوو لە کەمپی شاریا لە سنووری پارێزگای دهۆک و بەو هۆیەوە مۆبایل و بەشێک لە کەلوپەلە ڕۆژنامەوانییەکانی شکێندرا.

لە ٦ی حوزەیرانی ٢٠٢١، محەمەد کەریم جاسم وەزیری کشتوکاڵ لە حکوومەتی عێراق، ڕێگریی لە پەیامنێری ڕادیۆی ئەلمەربەد (ئەحمەد عەلی) کرد لە ڕووماڵکردنی سەردانەکەی وەزیر بۆ پارێزگای بەسرە بۆ بەدواداچوونی کێشەی سەرهەڵدانی ئەنفلۆنزای باڵندە لە پارێزگەکەدا، وەزیری کشتوکاڵ ڕادیۆ ئەلمەربەدی تۆمەتبار کرد بە بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانەی لەگەڵ وەزارەتەکەدا ناگونجێت.

لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠٢١ لەلایەن پاسەوانانی باڵەخانەی پەروەردەی کەرکووک ڕێگری لە هەریەک لە (سەعدون سوڵتان پەیامنێری ئەلتەغیر، هیوا حسامەدین پەیامنێری ڕووداو و سیروان پەیامنێری ئێن ئاڕ تی) کرا لە ڕووماڵکردنی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی جێگرانی پارێزگەکە سەبارەت بە بوونی گومانی گەندەڵی لە دۆسیەی هاوکاری بۆ پەروەردە.

لە ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٢١دا، لەمیانەی ڕووماڵکردنی ئەو گرژییەی لەنێوان دوو هێزی ئەمنی و سەربازی لە شاری سلێمانی دروست بوو، هێرش کرایە سەر چەندین تیمی میدیایی و ڕێگرییان لێکرا ڕووماڵی ڕووداوەکە بکەن و دەست بەسەر کەلوپەلە ڕۆژنامەوانییەکانیشیاندا گیرا. لەناویاندا؛ (پێشەوا بەختیار و مەریوان عەلی) تیمی کەناڵی ئاسمانی ئێن ئاڕ تی، (تیشکۆ سدقی و بژار دەباغ) تیمی تۆڕی میدیایی ئێستا، (عومەر دلێر و ڕۆژە سەلاح) تیمی میدیایی (BMC) و هەروەها (جوانڕۆ محەمەد) پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی کەی ئێن ئێن. سەرەڕای ئەوەی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگریی لە هەموو ئەو تیمە میدیاییانە کرا ڕووماڵی میدیایی خۆیان بکەن، دەستیش بەسەر کەلوپەلە ڕۆژنامەوانییەکاندا گیرا.

لە ١ی تەمموزی ٢٠٢١دا هێزە ئەمنییەکان ڕێگرییان لە تیمی کەناڵی ئەلحورەی عێراق و ئەلتەغیر کرد کە

خۆپیشاندانێک لە نەهرەوانی بەغدا ڕووماڵ بکەن.

ڕۆژی ١٦ی تەمووزی ٢٠٢١ هێزێکی هاوبەشی سوپا و پۆلیس ڕێگرییان لە تیمی کەناڵی (کوردستان ٢٤) کرد کە پێکهاتبوون لە (پەیامنێر هێمن دەلۆ و وێنەگر سەباح ئەنوەر)، لەکاتی ڕووماڵکردنی ڕووداوێکی کوشتن لەناحیەی پردێی باکوری کەرکووک، پاشان بە ئۆتۆمبێلی پۆلیس لە شارەدێیەکە دووریان خستنەوە.

لە ١٦ی تەمووزی ٢٠٢١، ئەندامانی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنی پۆلیسی کەربەلا ڕێگرییان لە کامێرامانی کەناڵی ئەلتەغیر (محەمەد ئەلفەیاد) کرد کە ڕووماڵی ئاگرکەوتنەوەیەک لە بینای بارەگای پۆلیس بکات و کامێرا و میمۆری (RAM)ەکەیان لێسەند، هەروەها سووکایەتیان پێکرد.

لە ٢٨ی تەمووزی ٢٠٢١دا، پاسەوانێکی محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق هێرشی کردە سەر تیمەکانی کەناڵەکانی (ئەلڕەشید، ئەلموسلیە، ئەلشەرقیە، ئەلتورکمانیە و نینوی الان) لەکاتی ڕووماڵکردنی سەردانەکەی سەرۆکی پەرلەمان بۆ مووسڵ، بەشێوەیەکی زارەکی پەلاماریان دان و هەڕەشەی دەستگیرکردنیان لێکردن و لە هۆڵی شارەوانی مووسڵ دەریانکردن.

لە ٩ی ئابی ٢٠٢١، ئەفسەرێکی ئاسایش ڕێگری کرد لە پەیامنێری ئێن ئاڕ تی (نور سەعیدی) بەبێ پاساو کە خۆپیشاندانی ستافی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگای زیقاڕ ڕووماڵ بکات.

لە ڕۆژی ٩ی ئابی ٢٠٢١دا، ئەفسەرێکی ئاسایش ڕێگری لە تیمی کەناڵی ئەلشەرقییە نیوز کرد کە پێکهاتبوو لە (پەیامنێر ئەتیلا ئاغا و وێنەگر سەرمەد ئەلجوماری) لە ڕووماڵکردنی بۆمبارانکردنی بورجەکانی کارەبا لەلایەن داعشەوە لە کەرکووک و هەڕەشەی دەستگیرکردنی کرد ئەگەر ڕووماڵی میدیایی بکەن.

لە ڕۆژی ١١ی ئابی ٢٠٢١، لەلایەن موختاری گەڕەکی باداوە و چەند کەسێک بە جلی مەدەنی، ڕێگری لە تیمی کەناڵی ئێن ئاڕ تی (چۆمان مەحموود و محەمەد ئیسماعیل، ڕزگار کۆچەر و شێروان) کرا کە ڕووماڵی ئەو گردبوونەوەیە بکەن دانیشتووانی گەڕەکی باداوە بەهۆی کێشەی کەمئاوییەوە سازیان کرد بوو، هەروەک دەستیان بەسەر مایکی کەناڵی ئێن ئاڕ تی دا گرت و ڕێگرییان لێکرا ڕووماڵی گردبوونەوەکە بکەن.

ڕۆژی ٣٠ی ئابی ٢٠٢١، لەکاتی ڕووماڵکردنی گردبوونەوە و نارەزایەتی دانیشتووانی گەڕەکی ژین لە شاری هەولێر، لەلایەن هێزێکی زێرەڤانییەوە هێرش کرایە سەر تیمی کەناڵی ئێن ئاڕ تی کە لە (ڕزگار کۆچەر) پەیامنێر و (ڕێبین عەلی) کامێرامانی کەناڵەکە پێکهات بوو. هەروەک ڕێگرییان لە ڕووماڵی کەناڵەکە کرد.

لە ڕۆژی ٣١ی ئابی ٢٠٢١دا، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، ڕێگریی لە تیمی کەناڵی ئێن ئارتی کرا ڕووماڵی گردبوونەوەی مامۆستایانی وانەبێژ لە دهۆک بکەن. تیمەکە پێکهات بوو لە (میر زەید) پەیامنێر و کامێرامانەکەی. لە بەردەم بینای پارێزگای دهۆک و لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەست بەسەر کەلوپەلە ڕۆژنامەوانییەکانیاندا گیرا.

لە ڕۆژی ٨ی ئەیلوولی ٢٠٢١دا، لە بەردەم سەرۆکایەتی داواکاری گشتی و لەلایەن پاسەوانانی داواکاری گشتییەوە، ڕێگریی لە ڕووماڵی میدیایی تیمی کەناڵی پەیام کرا، تیمەکە لە هەریەک لە (ئیدریس محەمەد) پەیامنێر و (عەبدوڵا قەهار)ی کامێرامان پێکهات بوو.

لە ڕۆژی ١٢ی ئەیلوولی ٢٠٢١دا، سەرۆکی زانکۆی زیقاڕ دکتۆر یەحیا ئەلخەفاجی ژمارەیەک لە تیمەکانی ڕاگەیاندنی قەدەغە کرد کە بریتی بوون لە (ئەلجنوبیە، ئەلعەهد، ئەلغەدیر و ئەلئەهوار) لە ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانێک لە کەمپی زانکۆدا.

لە ڕۆژی ٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١دا، لە کاتی ڕووماڵکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی تایبەت لە سنووری سەیدسادق پەلاماری ڕۆژنامەنووس «عەزیز ڕەسوڵ» پەیامنێری دەزگای ڕۆژنامەوانی «وشە» درا و دەستیش بەسەر کەلوپەلە ڕۆژنامەوانییەکانی گیرا. عەزیز ڕەسووڵ کە هاوکات ڕۆژنامەوانێکی خاوەن پێداویستی تایبەتە، بە ئاشتی و ئازادی ڕاگەیاند: «لەکاتی ڕووماڵکردنی دەنگدانی تایبەتدا، هێزە ئەمنییەکان هێرشیان کردە سەرم و موبایلەکەیان لێ سەندم، هەرچەند ئاماژەم بە ڕێگەپێدانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن کرد، بەڵام بەخێرایی پەلاماریاندام و مۆبایلەکەیان لە دەست ڕفاندم و دووریانخستمەوە».

لە ڕۆژی ١٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١دا، ئەفسەرێکی ئاسایش ڕێگری لە تیمی کەناڵی ئەلغەدیر کرد کە پێکهاتبوو لە (پەیامنێر عەلا حوسێن و وێنەگر محەمەد شەهید) لە ڕووماڵکردنی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ناو بینای مۆنۆمێنتی سەربازی ون لە ناوچەی سەوز، ئەفسەرەکە کەلوپەلە ڕۆژنامەوانییەکانی فڕێدایە دەرەوەی بیناکە.

لە ڕۆژی ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، لە میانەی ڕووماڵکردن و گواستنەوەی گردبوونەوەی بەشێک لە چاودێرانی ڕێکخراوی تۆڕی سپی، کە بۆ داوای مافی خۆیان گردبوونەوەیان سازکردبوو، لەلایەن بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکەوە هێرش کرایە سەر (زوهرە عەلی) پەیامنێر و (ژیار جەمال)ی وێنەگری کەناڵی ئێن ئاڕ تی. لەکاتێکدا چاودێرانی ڕێکخراوەکە وەک ناڕەزایەتی لە دژی خودی ڕێکخراوەکە گردبوونەوەیان ساز کرد بوو، لەکاتی ڕووماڵکردندا، بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە پەلاماری تیمەکەی ئێن ئاڕ تی دا و ویستی دەست بەسەر کەلوپەلەکانیاندا بگرێت.

ڕۆژی ١٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ پۆلیسی تاوانەکان ڕێگرییان لە ژمارەیەک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کرد (گەلی کوردستان، کەرکووک ناو، ئاژانسی ئێستا، ئێن ئاڕ تی) کە خۆپیشاندانی کرێکاران لە بازاڕێکی جەماوەریدا لە شاری کەرکووک ڕووماڵ بکەن.

ڕۆژی ١٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی سۆران ڕێگری لە پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی پەیام (ئازاد ئۆمەراوەیی) کرا ڕووماڵی گردبوونەوەی مامۆستایانی وانەبێژ بکات لە شارۆچکەی سۆران، هاوکات لەلایەن بەرپرسێکی هێزە ئەمنییەکانەوە سوکایەتی بەتیمی پەیام کرا.

ڕۆژی ١٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، لەکاتی ڕووماڵی گردبوونەوەی ماموستایانی وانەبێژ لەشارۆچکەی سۆران، لەلایەن هێزێکی ئەمنییەوە هێرش کرایە سەر تیمی کەناڵی سپێدە کە لە پەیامنێر (یونس حەمەد) و وێنەگرەکەی پێکهات بوو، هێزە ئەمنییەکە هەروەک ڕێگرییان کرد لە ڕووماڵی گردبوونەوەکە.

لە ڕۆژی ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، لەکاتی ڕووماڵکردنی گردبوونەوەی قوتابییانی دەرچووی پۆلی ١٢ی ئامادەیی لە شارۆچکەی سۆران کە بەنیازبوون کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ساز بکەن، لەلایەن پۆلیسی سۆرانەوە دەست بەسەر مۆبایل و کەلوپەلی ڕۆژنامەوانی تیمی کەناڵی ئێن ئاڕ تی (یونس حەمەد و کامێرامانەکەی)دا گیرا و پاش نزیکەی کاتژمێرێک لە بنکەیەکی پۆلیس دا، مۆبایلی پەیامنێرەکە درایەوە.

لە مانگی تشرینی یەکەم و لە سەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ژاڵە محمد پەیامنێری دەزگای میدیایی BMC ڕێگری لێکرا کە ڕووماڵی چالاکیەکی یەکێك لە پارتە سیاسیەکان بکات لە شاری سلێمانی. ڕۆژنامەنوسی ناوبراو بە تیمەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ڕاگەیاند لە کاتێکدا سەرۆکی پارتە سیاسیەکە ئامادەی کەمپینی بانگەشەی حزبەکەی بووە بۆ هەڵبژاردن، ئەو ویستویەتی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی ئامادەبکات، بەڵام ڕێگری لێکراوە.

ڕۆژی ١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکووک عەبدولعەلی حوسێن ڕێگریی لە تیمی کەناڵەکانی

(کەرکوک ناو، تەلەفزیۆنی ئەلعێراقییە، گەلی کوردستان، کەناڵی کەرکوک و ئاژانسی ئەنادۆڵ) کرد لە ڕووماڵکردنی مەراسیمی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن لەناو خوێندنگەیەکی پارێزگاکەدا، ڕۆژنامەنووسانی دەرکردە دەرەوە و جنێوی پێدان.

ڕۆژی ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، کارمەندانی ئاسایش لەنزیک پردی ئەلجادریە ڕێگرییان لەکارکردنی تیمی کەناڵەکانی (ئەلعەهد و ئەلنەجبا) کرد. لە پەڕینەوە بۆ ناوچەی جادریە بۆ رووماڵکردنی ناڕەزایەتییەکان و ڕەتکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە نزیک ناوچەی سەوز، لە کاتێکدا ستافی تەلەفزیۆنی ئەلغەدیر ناچاربوون پەخشی ڕاستەوخۆی خۆیان لە بەر دەنگی گولە(تەقەکردن) ڕابگرن.

شەوی ١٢/١١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، لەکاتی ڕووماڵکردنی ئاگرکەوتنەوەیەک لە چێشتخانەی ماسی زیرەک لە شاری هەولێر، هێرش کرایە سەر چەند تیمی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، لەناویاندا تیمەکانی ئێن ئاڕ تی، ڕووداو و ئەربیل لایف. تیمی ئێن ئاڕ تی پێکهات بوو لە موراد ئەحمەد پەیامنێر و نامۆ محەمەد کامێرامان کە بەچوار کەس لە کامێرامانەکەیان دا. تیمی رووداو پێکهاتبوو لە هادی سەلیمی پەیامنێر و کامێرامان زەردەشت خان. تیمی ئەربیل لایف: شڤان هەرکی پەیامنێر.

ڕۆژی ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، ڕێگریی لە (هەژار ئەنوەر) پەیامنێری شارپرێس کرا کە بەمەبەستی ڕووماڵکردنی پێنجەمین پیشەنگەی نێودەوڵەتی کشتوکاڵ و خۆراک سەردانی پیشەنگەی نێودەوڵەتی هەولێری کرد بوو. ئەو، بە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ڕاگەیاند: «ئەو هێزە ئەمنییەی لەوێ بوون، ڕێگرییان لە ڕووماڵی میدیایی کرد کاتێک دەمویست ڕووماڵی ئەو حالەتە بکەم کە ڕێگە نەدەدرا ژنان بچنە ناو پیشەنگەکەوە، بەڵکو جۆرێک لە دەستبەسەرکردنیان کرد بۆ ماوەی کاتژمێرێک». هەمان ڕۆژ، ڕێگریی لە پەیامنێرەکەی شارپرێس کرا کە ڕووماڵی خۆپیشاندانی قوتابیان لە بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بکات، ڕیگرییەکە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ئەنجام درا.

ڕۆژی ٢٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگری لە تیمی کەناڵی پەیام کرا کە ڕووماڵی خۆپیشاندانی قوتابیان لە بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بکەن، تیمەکە لە (ئیدریس محەمەد) پەیامنێر و (عەبدوڵا قەهار)ی کامێرامان پێکهات بوو. (ئیدریس محەمەد) بە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ڕاگەیاند: «کاتێک لە خۆپیشاندانی قوتابیان لە بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا نزیک بووینەوە، ئەو هێزەی لەوێ بوون، هەڕەشەیان کرد و ڕێگەیان نەدا ڕووماڵی میدیایی بکەین، پێیان گوتین ئەگەر دوورنەکەونەوە، فەرمانی دەستگیرکردنی ئێوەشمان پێیە».

ڕۆژی ٢٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، بۆ جاری دووەم، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگریی لە تیمی کەناڵی پەیام (ئیدریس محەمەد و عەبدوڵا قەهار) کرا کە ڕووماڵی خۆپیشاندانی قوتابییانی کۆلێژی دەرمانسازی لە هەولێر بکەن. بە هەمان شێوە ڕێگریی لە (هەژار ئەنوەر) پەیامنێری شارپرێس کرا ڕووماڵی خۆپیشاندانی قوتابیان لە بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بکات.

ڕۆژی ٢٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، هێزەکانی ئاسایش لە دهۆک ڕێگرییان لە تیمی کەناڵی سپێدە کرد بۆ ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانی قوتابیان کە داوای خەرجکردنی دەرماڵەی خوێندنیان دەکرد.

لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١دا، تیمی کەناڵی پەیام کە لە (ئیدریس محەمەد و موتەلیب خۆشەوی) پەیامنێر و کامێرامان پێکهات بوو، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە لە سەر ڕێگەی هەولێر-کەرکووک ڕێگرییان لێکرا کە ڕووماڵی خۆپیشاندانی قوتابیان بکەن و وەک (ئیدریس محەمەد) بە ئاشتی و ئازادی گوت: «جگەلە ئێمە ڕێگریی لە چەندین تیمی میدیایی کرا و هێزەکە بە زمانی هەڕەشەوە پێیان گوتین نە وێنە دەگرن و نە دێنە پێشەوە».

لە ڕۆژی ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، لەکاتی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانی قوتابیاندا، دووجار لەلایەن هێزە

ئەمنییەکانەوە ڕێگریی لە (نەبەز ڕەشاد) پەیامنێری وێستگەنیوز دەکرێت کە ڕوومالّی خۆپیشاندانەکانی قوتابیان لە شاری هەولێر بکات.

ڕۆژی ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕیگریی لە (هەژار ئەنوەر) پەیامنێری شارپرێس دەکرێت کە ڕوومالّی خۆپیشاندانەکانی قوتابیان بکات.

ڕۆژی ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، هێزە ئەمنییەکان لە بەردەم وەزارەتی خوێندنی بالّا و لە پەخشی ڕاستەوخۆدا هێرشیان کردە سەر تیمی تۆڕی میدیایی ئێستا (ئەیوب وەرتی پەیامنێر و یوسف فارس کامێرامان). (ئەیوب وەرتی) پەیامنێری تۆڕی میدیایی ئێستا بە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی گوت: «لەماوەی تەنیا چارەگێکدا، چوار جار لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگرییمان لێکرا کە ڕوومالّی خۆپیشاندانی قوتابیان بکەین، دەستیان بە سەر ئۆتۆمبێلەکەم و کەلوپەلە ڕۆژنامەوانییەکانماندا گرت، هەرچەند قوتابییە خۆپیشاندەرەکان کەلوپەلە ڕۆژنامەوانییەکانیان لە هێزە ئەمنییەکان ستاندەوە، بەلّام ئۆتۆمبێلەکەمیان نەگێڕایەوە».

لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١دا، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگریی لە تیمی کەنالّی ئێن ئاڕ تی کە لە هەریەک لە (چۆمان مەحموود و محەمەد ئیسماعیل) و هەروەک پەیامنێری شارپرێس (هەژار ئەنوەر)  و (بریار محەمەد) پەیامنێری ڕۆژنیوز کرا، کە ڕوومالّی خۆپیشاندانی قوتابیان لە بەردەم وەزارەتی خوێندنی بالّا و توێژینەوەی زانستی بکەن.

ڕۆژی ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، هێزە ئەمنییەکان لە هەولێر ڕێگرییان لە تیمی کەنالّەکانی (گەلی کوردستان، ڕووداو، کەنالّی سپێدە) کرد لە ڕوومالّکردنی خۆپیشاندانی قوتابیان لەبەردەم دەرگەی وەزارەتی خوێندنی بالّادا.

لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١دا، لە شاری سلێمانی لەکاتی ڕوومالّکردنی خۆپیشاندانەکانی قوتابییاندا، تیمی میدیایی (کورسات نیوز) لەلایەن خۆپیشاندەرەکانەوە ڕووبەڕووی سووکایەتی کرایەوە و تیمی کەنالّی (ڕۆژ تیڤی)یش وێڕای ڕێگریی لە ڕوومالّی میدیایی، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەست بەسەر کەلوپەلە ڕۆژنامەوانییەکاندا گیرا.

لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١دا، لەکاتی ڕوومالّکردنی خۆپیشاندانی قوتابییانی زانکۆی سلێمانی، هەریەک لە (ڕامیار عوسمان و نەوزاد ئەحمەد) پەیامنێر و کامێرامانی کەنالّی پەیام کەوتنە بەر گازی فرمێسکڕێژی هێزە ئەمنییەکانەوە و بۆ ماوەیەک باری تەندروستیان لەژێر کاریگەریی گازە فرمێسکڕێژەکەدا تێکچوو. لە ڕۆژی دواتریشدا، تیمەکەی کەنالّی پەیام(ڕامیار عوسمان و نەوزاد ئەحمەد)، لە پەخشی ڕاستەوخۆدا ڕێگرییان لێکرا و هێزە ئەمنییەکان پەخشی ڕاستەوخۆی کەنالّەکەیان ڕاگرت.

لە ڕۆژی ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، ڕێگریی لە تیمی کەنالّی پەیام کرا لە ڕوومالّکردنی خۆپیشاندانی قوتابییانی هەولێر، تیمەکە لە (ئیدریس محەمەد پەیامنێر و عەبدوڵا قەهار) کامێرامان پێکهات بوو، ڕێگرییەکە لە بەردەم وەزارەتی خوێندنی بالّا و توێژینەوەی زانستی ڕوویدا.

لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١دا هێزەکانی ئاسایش لە هەولێر ڕێگرییان لە ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس کرد (هەژار ئەنوەر پەیامنێری شارپرێس، بریار محەمەد پەیامنێری ئاژانسی هەوالّی پۆلەتیک پرێس، ئەیوب وەرتی پەیامنێری ئێستا، تەمەن ڕواندزی و یاسر محەمەد لە ئاژانسی وڵات نیوز) کە ڕوومالّی خۆپیشاندانی قوتابیان بکەن.

ڕۆژی ٢٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، هێزێکی ئەمنی ڕێگرییان لەتیمی کەنالّی ٤ کرد کە پێکهاتبوو لە (پەیامنێر ئیهاب مالکی و وێنەگر ڕامی ئەلعیدانی) لە ڕوومالّکردنی خۆپیشاندانی کرێکارانی کۆمپانیای لولەکانی گواستنەوەی نەوت لە ناوچەی خور ئەلزوبەیر لە بەسرە.

لە ڕۆژی ٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١دا، لەلایەن هێزێکی زێرەڤانی و لەکاتی ڕووماڵکردنی هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش لە سنووری شاردێی سەرگەڕان و بناری قەرەچووغ ڕێگریی لە ڕووماڵی تیمی دەزگای میدیایی ئێستا کرا کە لە هەریەک لە دیار حوسێن پەیامنێر و هەنگاو غەفووری کامێرامان پێکهات بوو. هێزەکە هەروەک هەڕەشەی ئازاردان و دەستگیرکردنیان لە تیمە میدیاییەکە کرد.

لە ڕۆژی ٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١دا، لەلایەن هێزەکانی ئەمنییەوە ڕێگریی لە ڕووماڵی میدیایی تیمی کەناڵی ئاسمانی پەیام (ئیدریس محەمەد و یونس عەبدوڵا) پەیامنێر و کامێرامانی کەناڵەکە کرا کە ڕووماڵی ئازادکردنی گوندی خدرجیجە لە سنووری شارۆچکەی مەخموور بکەن.

لە شەوی ٢١/٢٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، ڕێگری لە تیمی دەزگای میدیایی ئێستا (ئەیوب وەرتی و یوسف فارس) پەیامنێر و کامێرامانی دەزگەکە کرا ڕووماڵی لافاو و دۆخی هاووڵاتییانی نیشتەجێی دارەتوو لە سنووری هەولێر بکەن، بەگوێرەی ئەو گرتە ڤیدیۆییەی لەلایەن تیمەکەوە بە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی درا، لە پەخشی ڕاستەوخۆدا و لەلایەن ئەندامانی هێزە ئەمنییەکان ڕێگریی لە تیمەکە دەکرێت ڕووماڵی میدیایی بکەن و بەزۆر دوور دەخرێنەوە.

ڕۆژی ٢٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، ئەفسەرێکی هاتوچۆ ڕێگری لە تیمی کەناڵی ئەلڕەشید کرد کە پێکهاتبوون لە (پەیامنێر عەلی فلیفل و وێنەگر خالید وەلید) لە ڕووماڵکردنی حاڵەتەکانی ئیستغلالکردنی ڕێگەکان و زیادەڕۆیی دووکانەکان لەسەر شەقامە سەرەکییەکان لە سنووری گەڕەکی پزیشکان لە ناوەڕاستی شاری حلە.

لە ڕۆژی ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١دا، لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر ڕێگریی لە ڕووماڵی میدیایی چەندین دەزگای میدیایی کرا کە ڕووماڵی هێنانەوەی تەرمی کۆچبەرە خنکاوەکان بکەن، لەناویاندا تیمی کەناڵەکانی (کوردسات نیوز، گەلی کوردستان، ئێن ئاڕ تی، پەیام، کەی ئێن ئێن، وێستگەنیوز و سکای نیوزی بەریتانی).

## پەلاماردانی ڕۆژنامەوانان

لەماوەی (٢٠٢١/١/١ - ٢٠٢١/١١/٣١) چەندین حاڵەتی هێرشکردنە سەر و پەلاماردانی ڕۆژنامەوانان لەلایەن تیمەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی تۆمار کراوە. زۆرینەی پێشێلکارییەکان لەلایەن کارمەندانی سەر بە هێزەکانی ئەمنی ئەنجامدراون و بەشێکیشیان لەلایەن کارمەندانی کۆمپانیاکانی ئەمنی و خاوەنکار و یان وەرزشوان و هاندەرانی یانە وەرزشییەکانەوە پێشێلکارییان بەرانبەر کراوە و بەگشتی (١٥) دۆسیەی ئازاردان و پەلاماردانی تیمەکانی میدیایی لەلایەن ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادییەوە تۆمار کراوە کە دژ بە (٣١) لە پەیامنێر و کامێرامانی (١٣) کەناڵی میدیایی ئەنجام دراوە(ژمارەیەک لە میدیاکار و کەناڵە میدیاییەکان زیاتر لە جارێک و لە شوێن و بۆنەی جیاوازدا، پێشێلکارییان بەرانبەر کراوە).

لە ١٢ی شوباتی ٢٠٢١دا، لەکاتی ڕووماڵکردن و وێنەگرتنی یاری نێوان یانەکانی هەولێر و برایەتی، هێرش کرایە سەر (ئومێد عەبدوڵا) وێنەگری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە هەولێر و بریندار کرا.

لە ١٥ی ئازاری ٢٠٢١دا، پەیامنێری ناس (زەید ئەلسالمی) لە نەجەف، لەکاتی کارکردندا و بە بەکارهێنانی گازی فرمێسکڕێژ لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بۆ پەرت و بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران، بریندار کرا.

ڕۆژی ١٩ی ئازاری ٢٠٢١، پەیامنێری کەناڵی ئای نیوز (INEWS ) بەهۆی تەقەی هێزە ئەمنییەکانەوە لە کاتی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندان لە پارێزگای بابل، بریندار بوو.

ڕۆژی ١٤ی نیسانی ٢٠٢١، لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبی لە کەرکووک هێرش کرایە سەر تیمی کەناڵی کوردستان ٢٤ کە پێکهاتبوون لە (هێمن دەلۆ پەیامنێر و نەوزاد محەمەد کامێرامان)، تیمەکە بۆ بنکەیەکی حەشدی شەعبی دەبردرێن و دەستیش بەسەر کەلوپەلە ڕۆژنامەوانییەکانیاندا دەگیرێت.

لە ٣٠ی ئایاردا، لەلایەن هێزێکی سەر بە لیوای ١٢ی پێشمەرگە لە سنووری شارۆچکەی بەردەڕەش سەر بە پارێزگای دهۆک، هێرش کرایە سەر (سەباح سۆفی) پەیامنێری کەناڵی ئێن ئاڕ تی و ئازاری پێگەیەنرا و بەپێی خودی پەیامنێرەکە ئەوانەی ئازاریان پێگەیاندووە پاسەوانی فەرماندەی لیوای ١٢ بوون، لەکاتێکدا پێشمەرگەکانی لیوایەکە ناڕەزایەتییان دەربڕیوە و ئەویش سەرقاڵی ڕووماڵکردنی ناڕەزایەتیی دەربڕینەکە بووە.

ڕۆژی ٧ی تەمووزی ٢٠٢١، تیمی کەناڵی تەلەفیزیۆنی کوردسپۆرت لەکاتی ڕووماڵکردن و گواستنەوەی یاری نێوان هەردوو یانەی بازیان و بەردەڕەش کە لە یاریگای فەرماندەیی لە شاری سلێمانی، لە چوارچێوەی خولی پلەدووی کوردستان بەڕێوە دەچوو، لەلایەن گۆڵپارێز و چەند یاریزانێکی یانەی بازیانەوە پەلاماردران. تیمەکە لە پەیامنێر و کامێرامانی کوردسپۆرت پێکهات بوو.

لە ڕۆژی ٢٣ی تەمووزی ٢٠٢١، لەکاتی ڕووماڵکردنی ئاگرکەوتنەوەیەک لە مۆبیلیاتێکی شارۆچکەی زاخۆی سنووری پارێزگای دهۆک، لەلایەن چەند کەسێکەوە هێرش کرایە سەر تیمی کەناڵی کوردسات نیوز و کامێرای کەناڵەکە شکێندرا.

ڕۆژی ٩ی ئابی ٢٠٢١، ڕێگریی لە (ئەیوب وەرتی) پەیامنێری تۆڕی میدیایی ئێستا کرا کە ڕووماڵی خۆپیشاندان و گردبوونەوەیەکی دانیشتووانی گەڕەکی کارێزان لە شاری هەولێر بکات کە مەبەستی ناڕەزایەتی دژ بە کەمئاوی ساز کرا بوو. ئەیوب وەرتی، بە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ڕاگەیاند، پاش گەیشتن بە شوێنی گردبوونەوەکە و دەستکردن بە رووماڵی میدیایی، چەند کەسێک کە جلی مەدەنیان لەبەر بووە، پێشیان پێگرتووە و پێیان گوتووە نابێت ڕووماڵ بکات، وەرتی گوتی: «پرسیارم لێیان کرد کە ئێوە کێن و دەبێت هۆکاری ڕێگری لە رووماڵەکەشم پێ بڵێن، یەکێکیان دەمانچەکەی پیشاندام و گوتی من ئاسایشم و نابێت ڕووماڵ بکەیت. گوتم ئەو خەڵکە بانگهێشتیان کردووم دەنگیان بگەیەنم، پاشان من هەوڵمدا خۆم لێیان دووربخەمەوە، چەند هەنگاوێک دوورکەوتمەوە، لە دوواوە بە شەق و بۆکس پەلامارباندام و هەرچۆنێک بێت خۆم لە دەستیان دەرباز کرد».

ڕۆژی ١١ی ئابی ٢٠٢١، لەکاتی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕینی دانیشتووانی گەڕەکی باداوەی شاری هەولێر کە بەهۆی کێشەی بێئاوییەوە ساز کرا بوو، لەلایەن موختاری گەڕەکی باداوە و چەند کەسێک بە جلی مەدەنییەوە هێرش کرایە سەر تیمی پەیامنێر و کامێرانی کەناڵی ئاسمانی سپێدە(ئاکار فارس و عەبدوڵا مەحموود)، ئاکار فارس بە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ڕاگەیاند: «موختاری گەڕەکی باداوە و چەند کەسێک بە جلی مەدەنییەوە هێرشیان کردە سەر خۆی و کامێرامانی کەناڵەکە و بە شەق و لێدان، دەستیان بەسەر کامێراکەیاندا گرتووە و لە شوێنی خۆپیشاندانەکەشیان دووریان خستینەوە».

ڕۆژی ١٧ی ئابی ٢٠٢١، دوای هێرشی ئاسمانی تورکیا بۆ سەر نەخۆشخانەیەک لە گوندی سەکێن لە چیای شەنگال، تیمێکی کەناڵی ڕووداو، بەمەبەستی رووماڵکردنی ڕووداوەکە، دەچنە ناوچەکە، بەڵام شەڕڤانانی یەبەشە تەقە بەسەر تیمەکەدا دەکەن و بە قۆناغە تەفەنگ ڕۆژنامەنووس تەحسین قاسم بریندار دەکەن و دواتر بۆ نەخۆشخانە دەگوازرێتەوە. لە هێرشەکەدا بۆ سەر ڕۆژنامەوانەکە، زیانی زۆر بەر کەلوپەل و ئۆتۆمبێلی تیمی کەناڵی ڕووداو کەوت.

ڕۆژی ٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، پاش دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان هاندەرانی هەردوو یانەی سەیدسادق و هەڵەبجە، لە یاریگای هەڵەبجە، چەندین تیمی کەناڵەکانی میدیایی بەر گازی فرمێسکڕێژی هێزە ئەمنییەکان و دار و بەردی هاندەران کەوتن، تیمە میدیاییەکان پێکهاتبوون لە (دیاری محەمەد وێنەگر لە کەناڵی ڕووداو، عیرفان ئەحمەد پەیامنێر و موختار حەبیب کامێرامان لە کەناڵی سپێدە، سامان فەتاح پەیامنێر و هاشم عەلی کامێرامان لە کەناڵی پەیام، سەلاح جەمیل پەیامنێر

و سەردار محەمەد کامێرامان لە کەناڵی کوردسات، ماکوان عوسمان کامێرامان لە کەناڵی گەلی کوردستان، یەحیا سەیفەدین کامێرامان لە کەناڵی ئێن ئاڕ تی).

ڕۆژی ٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، لەکاتی ڕووماڵکردنی پرۆسەی دەنگدانی تایبەت لە بنکەی قوتابخانەی ڕووناکی لە بەکرەجۆ لە شاری سلێمانی، کە لەلایەن کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانەوە بۆ ڕووماڵی ڕۆژنامەوانی تەرخان کرا بوو، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە پەلاماری (هۆگر کەمال) بەڕێوەبەری «جاڕ میدیا» درا. ئەو گوتی: «دوو ئەفسەری لیوای پاراستنی سلێمانی و چەند پاسەوانێکیان پەلامارییاندام و مۆبایلەکەیان لێوەرگرتم و یەکێکیان قورگی گرتبووم، ویستیان لێمبدەن، پۆلیسی بەردەم دەرگاکەش لەسەر من هاتە جواب و وتی خۆم ئیزنم داوە، بەڵام گوێیان لەویش نەگرت و پەلاماریان دا».

ڕۆژی ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، لەکاتی ڕووماڵکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن لە بنکەی دەنگدانی ئامادەیی قەسرۆکی کچان بەڕێوەبەری وێستگەی دەنگدانەکە لەگەڵ چەند گەنجێک هێرشییان کردە سەر تیمی رۆژنامەوانی ئێن ئاڕ تی و ئازاریان دا، لەکاتێکدا «سەباح سۆفی» پەیامنێری ئێن ئاڕ تی لە پەخشی ڕاستەوخۆی کەناڵەکەیدا بوو. بەگوتەی سەباح سۆفی سەرەتا بە بەڕێوەبەری وێستگەکە گوتراوە کە ئەوان تیمی رۆژنامەوانین و لەلایەن کۆمسیۆنەوە ڕێگە پێدراون، بەڵام بەڕێوەبەری وێستگەکە کە کارمەندی کۆمسیۆنە گوتوویەتی، «باوکی کۆمسیۆنیش ڕێگەی پێدابن ڕێگەتان پێنادەم ڕووماڵ بکەن». سەباح سۆفی ئەوەشی خستە ڕوو، سەرەتا هەڕەشەیان لێکردوون و دواتر بە دار و دەبەی ئاوەوە بە بەرچاوی پۆلیس و ئەو هێزە ئەمنییەی بۆ پاراستنی پرۆسە و بنکەی دەنگدانەکە لەوێ بوون، پەلەمارییانداون و لێیانداون.

لە ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، ستافی کەناڵی جەزیرە کە پێکهاتبوون لە (پەیامنێر جۆنی تانیوس و وێنەگر ڕیحان عەبدولوەهاب) لەلایەن هێزەکانی ئەمنییەوە لە نزیک ناوچەی سەوز بە سەختی لێیاندرا، لەکاتی ڕووماڵکردنی ڕەتکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق.

ڕۆژی ٢٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، کارمەندانی ئێن ئاڕ تی کە پێکهاتبوون لە (پەیامنێر چۆمان محەمەد و وێنەگر محەمەد ئیسماعیل) لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە و لە کاتی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانی خوێندکاران لە هەولێر، لێیاندرا.

هەڵکوتانە سەر کەناڵی میدیایی، ڕاگرتنی پەخش و بەرنامە

لەماوەی ساڵی ٢٠٢١دا، لەلایەن ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادییەوە (٤٩) حالەتی داخستنی کەناڵی میدیایی، ڕاگرتنی بەرنامە و پەخشی تیقی لەپاڵ هەڵکوتانە سەر ئۆفیسی میدیا و یەک حاڵەتی هەڵکوتانە سەر ماڵی ڕۆژنامەوانان تۆمار کراوە. هەندێک لە حالەتەکانی ڕاگرتنی بەرنامە و داخستنی کەناڵی میدیایی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، پاڵپشت بە ڕێنمایی ڕێکخستنی فریکوێنس و هەروەها کێشەی مۆڵەت بووە. سەرەڕای ئەوەی چەندین کەیسی دیکەی هەڵکوتانە سەر ئۆفیس و ماڵی ڕۆژنامەوانان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە تۆمار کراوە.

ڕۆژی ٥ی نیسانی ٢٠٢١، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە (٣٧٣)، بڕیاری ڕاگرتنی پەخشی هەردوو بەرنامەی (نایت شۆ) لە کەناڵی ئاسمانی کۆرەک و بەرنامەی (نێت گرام)ی لە کەناڵی ئاسمانی NET TV دەرکرد و لە ٦ی نیسانیشدا، بە نووسراوی ژمارە (٣٧٨) بڕیاری لەسەر ڕاگرتنی پەخشی بەرنامەی (شۆ مەگەزین) لە کەناڵی ئاسمانی کوردماکس دا. وەزارەتی ڕۆشنبیری لە ناوەڕۆکی هەر سێ نووسراوەکەدا، پاساوی بڕیارەکانی بۆ «نەشیاوییەتی و نەگونجان لەگەڵ نەریتی کۆمەڵایەتی» کردووە و ڕوونی کردووەتەوە کە «داواکاری گشتی/دەستەی مافی گشتی بە نووسراوەکانیان ژمارە (٢٠٨) لە ٢٠٢١/٣/٩ و ژمارە (٢٤٢) لە ٢٠٢١/٣/١٦ داوای ڕاگرتنی ئەم جۆرە بەرنامانە دەکەن کە پێچەوانەی نەریت و ئادابی گشتییە و زیان بە کۆمەڵگە و شیرازەی خێزان دەگەیەنێت». وەزارەتەکە لە کۆتایی نووسراوەکاندا ئاماژەی بەوە کردووە، «دەستبەجێ تاکو (١) یەک هەفتە ئەم بەرنامەیە لە کەناڵەکەتان رابگرن و دواتریش پێداچوونەوە بە ناوەڕۆک و ستایلی بەرنامەکەدا بکەن، بە پێچەوانەوە لەباری پابەندنەبوونتان بە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەم نووسراوەمان، ئەوا پاڵپشت بە مادەی

سێیەم، برگەی سێیەم لە ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٤ی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، ڕێکاریی یاسایی بەرانبەر کەناڵەکەتان دەگرینەبەر».

لە ڕۆژی ١٢ی نیسانی ٢٠٢١دا، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی سەر بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە (٣٩٤) فەرمانێکی کارگێڕی دەرکرد، لەبارەی ڕاگرتنی پەخشی کەناڵی ئاسمانی کورد ماکس شۆ بۆ ماوەی ٢٤ سەعات. لە ناوەڕۆکی نووسراوەکەدا هاتووە؛ «ئاماژە بە نووسراوەکانی داواکاری گشتی/دەستەی مافی گشتی ژمارە (٢٠٨) لە ٢٠٢١/٣/٩ و ژمارە (٢٤٢) لە ٢٠٢١/٣/١٦، پاڵپشت بە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤ (ڕێکخستنی فریکوێنسی سپەیس لە هەرێمی کوردستان) مادەی سێیەم، برگەی سێیەم، لەبەر ئەوەی کەناڵی ئاسمانی (کورد ماکس شۆ) پابەند نەبووە بە ناوەڕۆکی نووسراومان ژمارە (٣٧٨) لە ٢٠٢١/٤/٦ بڕیارماندا بە؛ ١. ڕاگرتنی پەخشی کەناڵی ناوبراو بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر. ٢. ئەم فەرمانە لە ٢٠٢١/٤/١٢ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ کاری پێدەکرێت».

لە ٢٦ی نیسانی ٢٠٢١دا، کەناڵی ڕووناهی بڵاوی کردەوە، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کەناڵەکەوە داوای وەرگرتنی مۆڵەتی کردنەوەی نووسینگەیەک لە شاری هەولێر کراوە، بەڵام لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە ڕێگریی لە کردنەوەی نووسینگەکە کراوە، لەکاتێکدا کەناڵەکە چەند جارێک داوای پێدانی مۆڵەتی کردووە، بەڵام بەردەوام ڕەت کراوەتەوە و ڕێگەی پێ نەدراوە.

لە ١٠ی ئایاری ٢٠٢١دا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی دهۆک/ وەزارەتی ڕۆشنبیری  لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە یەک نووسراو (ژمارە ٩٨) و بەسەریەکەوە بڕیاری لەسەر ڕاگرتنی پەخشی (٢٩) کەناڵی تەلەفیزیۆنی دا، بە پاساوی نەبوونی مۆڵەت و پاڵپشت بە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤ی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەپێی ناوەڕۆکی نووسراوەکە دەبێت سەرجەم کەناڵەکان لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیارەوە، ڕاستەوخۆ پەخشی خۆیان ڕابگرن، تێبینییەکە ئەوەیە کە پێویست بوو وەزارەتەکە دەرفەتێکی دیاریکراو بە کەناڵەکان بدات تا خۆیان لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕێنماییەکە دەگونجێنن، نەک ڕاستەوخۆ بڕیار لەسەر داخستنیان بدرێت. ئەو کەناڵانەش پێکهاتوون لە: (نیوماکس تی ڤی، بەفرین تی ڤی، هەڤرەنگ تی ڤی، نوبار تی ڤی، تاف تی ڤی، ئورسات تی ڤی، سەما تی ڤی، سیما تی ڤی، کانی تی ڤی، ئاقل تی ڤی، یەکگرتوو تی ڤی، بادینان تی ڤی، هەست تی ڤی، بیلان تی ڤی، کەلا ئاکرێ تی ڤی، رەڤەند تی ڤی، یاد تی ڤی، هێڤان تی ڤی، دەڤەر تی ڤی، شیلادزێ تی ڤی، زاوا تی ڤی، نیروز تی ڤی، هێڤا دیکۆمێنتاری تی ڤی، نویدەم تی ڤی، ئازادی تی ڤی، ئامەد تی ڤی، داسنیا تی ڤی، ئەی تی ڤی و ئێم تی ڤی).

ڕۆژی ١٣ی تەمووزی ٢٠٢١، هێزێکی چەکداری دەمامکدار، هەڵیانکوتایە سەر ئۆفیسی کەناڵی (IPLUS) لە شاری سلێمانی و بۆ ماوەیەک بەڕێوەبەر و کارمەندانی کەناڵەکەیان دەستبەسەر کرد و دواتر ئازادیان کردن. پاش ئازادکردنی بەڕێوەبەر و کارمەندانی دەستبەسەرکراو، کەناڵەکە ڕاگەیەنراوێکی ڕۆژنامەوانی بڵاو کردەوە: «ئیوارەی ئەمڕۆ سێشەممە هێزێکی ئەمنی هەڵیکوتایە سەر باڵەخانەی دامەزراوەی ڕاگەیاندنی ئایپڵەس، بۆماوەی سەعاتێك ئەو رۆژنامەڤان و کارمەندانەی لەئەرکدابوون راگیران و دەستبەسەرکران. لەهەمانکات هەندێ کەلوپەلیان بردە دەرەوەی دامەزراوەکە و بەشێکی کەلوپەل و دەرگەکانیان شکاند، جگەلەوەی بەشێکی کامێرای چاودێرییان لێکردەوە، کارەبای باڵەخانەیان کوژاندەوە». لە ڕاگەیەندنەکەدا هاتووە «پاشان، بەڕێوەبەر و کارمەندانی دامەزراوەکەیان ئازاد کرد و هێزەکان لە باڵەخانەی دامەزراوەکە جێگیرکران. هێزەکان بە دەمامك و پۆشاکی سەربازیی و چەکەوە هاتبوون، نزیکەی ٥٠ چەکدار دەبوون». و ڕاگرتنەکە دەزگای میدیایی (ژیان)یشی گرتەوە.

لە ١٣ی تەمووزی ٢٠٢١دا، هێزێکی ئەمنی هەڵیانکوتایە سەر بارەگای کەناڵی RT – ئەمڕۆی ڕوسیا و نووسینگەی بەغدای کەناڵەکەیان داخست، لەلایەن هێزە ئەمنییەکەوە سەرجەم کارمەندانی کەناڵەکە دوورخرانەوە و کەلوپەلەکانی کەناڵەکەیان زەوت کرد و کەناڵەکەشیان داخست.

لە ٢٧ی تەمووزی ٢٠٢١ هێزێکی ئەمنی هەڵیانکوتایە سەر بارەگای کەناڵی تەلەفزیۆنی ئەلبەغدادییە لە ناوچەی

وەزیرییەی بەغدا و ڕۆژنامەوانەکانیان لەناو یەکێک لە ژوورەکانی کەناڵەکەدا دەستبەسەر کرد، بەڵام نەیانتوانی پەخشەکەی بوەستێنن.

لە ڕۆژی ١٠ی ئابی ٢٠٢١، لەلایەن هێزێکی ئەمنییەوە، دەست بەسەر ئۆفیسی تۆڕی هەواڵی ژیان لە شاری سلێمانی دا گیرا. تۆڕەکە زیاتر لە ٧٠ ڕۆژنامەوان کاری تێدا دەکەن. دەستبەرسەرداگرتنی کەناڵەکە، بەهەمان شێوە گرێدراوە بەو ناکۆکی و کێشانەی لەنێوان هەردوو هاوسەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دروست بوون و کێشەکەیش کەناڵەکانی میدیا و میدیاکارانی سەر بە ڕەوتە جیاجیاکانی لەناو حزبەکەدا گرتووەتەوە.

ڕۆژی ١٢ی ئابی ٢٠٢١ دەست بەسەر بەڕێوەبەرایەتی دەزگای ئەلمەربەددا گیرا و لەئەنجامدا ١١ کارمەندی دەزگاکە بەنایاسایی دەرکران.

ڕۆژی ١٦ی ئابی ٢٠٢١، بە بڕیاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان/بەڕێوەبەرایەتی پەخش و بڵاوکردنەوە، هەریەک لە کەناڵە ناوخۆییەکانی (تەسەوف، خێزان، ئاسمان، ڕۆژ و داهێنان) داخران. وەزارەتەکە لە نووسراوێکدا، هۆکاری داخستنی کەناڵەکان دەگێڕێتەوە بۆ «سەرپێچیکردن لە ڕێنماییەکانی پەخشکردنی بەرنامەی خێرخوازی».

لە ٤ی ئەیلولی ٢٠٢١دا چەکدارانی نەناسراو ماڵی ڕۆژنامەنووس (عەلی فازڵ)یان بە بۆمبێکی دەنگی لە شاری بەعقوبەی پارێزگای دیالە کردە ئامانج لە بەرانبەر ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانی کە ڕەخنەیان لە خراپبوونی خزمەتگوزاری و واقیعی سیاسی پارێزگەکە دەگرت.

لە ١٤ی ئەیلولی ٢٠٢١دا ئیدارەی نوێی ڕادیۆیی مەربەد بە زۆرەملێ ڕێگریی لە وێنەگر و مۆنتێری کەناڵەکە (سەجاد عەلی جاسم) کرد بچێتە ناو بینای ڕادیۆکە، ڕێگریی و دوورخستنەوەی کارمەندەکە بە پاساوی ئەوە بوو کە دەزگەکە ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی بووەتەوە.

ڕۆژی ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، دەزگای ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی لە کەناڵی سەتەلایتی زاگرۆس ڕاگرت بە پاساوی میوانداریکردنی کەسێک و تۆمەتبارکردنی سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری عێراق. کەناڵەکە داوای لێکرا بە فەرمی داوای لێبوردن بکات و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە شریتی هەواڵەکاندا، ئەو داوای لێبوردنە فەرمییە لە ئەنجوومەن و دەسەڵاتی دادوەریی بڵاو بکاتەوە.

لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ چەکدارانی نەناسراو هەڵیانکوتایە سەر ئۆفیسی کەناڵی (UTV ) لە بەغدا و هەڕەشەی سووتاندنیان کرد، ئەگەر کەناڵەکە میوانداری کەسایەتییەکی سیاسی بکات کە ڕۆژی پێشتر لە کەناڵەکە دەرکەوت بوو.

لە ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١دا، ڤیدیۆیەک لە کامێرای چاودێرییەوە پیشانی دا کە دوو کارمەندی ئەمنی لە نزیک ناوچەی سەوز ئۆتۆمبێلی پەخشی کەناڵی (بلادی) دەسووتێنن، کە لە بارەگای کەناڵەکە لە نزیک ناوچەی سەوز ڕاگیرابوو.

ڕۆژی ١٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، هێزێکی تایبەت بە جلی مەدەنییەوە کە خۆیان وەک ئاسایش ناساندووە، هەڵیانکوتایە سەر ئۆفیسی سەرەکی دامەزراوەی میدیایی (گاف نیوز)ە لە شاری دهۆک و پاش وەرگرتنی کلیلی ئۆفیسەکە، کارمەندەکانی ڕەوانەی ماڵەوە دەکەنەوە.

## هەڕەشە و سووکایەتی

لەماوەی ساڵی ٢٠٢١دا، ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی (١٥) حاڵەتی هەڕەشە و سووکایەتی بەرانبەر بە (١٨) میدیاکار تۆمار کردووە(یەکێک لە میدیاکارەکان دووجار تووشی هەڕەشە و سووکایەتی بووە)، هەندێک لە هەڕەشە و سووکایەتییەکان بەشێوەی ڕووبەڕوو و ئەوانی تر لەڕێگەی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی تەلەفونییەوە ئەنجام دراون، بە هەمان شێوەی حاڵەتەکانی پێشوو، میدیاکارەکان بەسەر دامەزراوە میدیاییە جیاوازەکاندا دابەش بوون.

چەند میدیاکارێک بەهۆی هەڕەشە و لە ترسی دەستگیرکردن شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان جێهێشتووە و ڕوویان لە شارێکی دیکە کردووە، لەناویاندا (ئەیهان سەعید عومەر) و (دیفاع هەرکی) ڕۆژنامەوان لە کەناڵی ئاسمانی سپێدە، کە بەگوتەی خۆیان لە ڕۆژی ١٦ی شوباتی ٢٠٢١ و لەمیانەی دادگاییکردنی ڕۆژنامەوان و چالاکە مەدەنییەکانی بادینان ناویان لە هەمان دۆسیەدا هێنراوە و بەهۆی مەترسیی دەستگیرکردن و زیندانیکردنەوە ڕوویان لە سلێمانی کردووە.

لە شوباتی ٢٠٢١دا، (شەهێن سابیر) میدیاکار و چالاکی بواری میدیایی، ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ئاگەدار کردەوە لەو هەڵمەتی سوکایەتی و ناوزڕاندنەی لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە دژی بەرپا کراوە.

کچە ڕۆژنامەنوس (ی. ع)پاش ئەوەی پەیوەندی پێوە دەکرێت لەلایەن کارمەندێکی ووزارەتی تەندروستی بەغداد بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی سەبارەت بە بونی دەرمانی ماوە بەسەرچوو لە بازاڕەکانی شاری بەغداد لەسەر بنەمای چەند بەڵگەیەك، لە ١١ی شوباتی ٢٠٢١ ڕۆژنامەنوسی ناوبراو و کارمەندەکەش لە ڕێگای ژمارە تەلەفۆنێکی نەناسراوەوە هەڕەشەی کوشتنیان لێ دەکرێت لە ئەگەری بەردەوام بوون لەسەر ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکەیان. ئەو بە تیمەکانی ئاشتی و ئازادی ووت کە لەبەر مەترسی ژیانیان وازیان لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەیان هێنا. ناوی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەنوسەکە لە لای تیمەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی پارێزراوە.

لە ١٤ی شوباتی ٢٠٢١ خانمە پێشکەشکار (ا. ج. ع) لە پارێزگای دیوانیە لە کاتی پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی ڕاستەوخۆی تایبەت بە ڕۆژی ڤالانتاین، لە ڕێگای پەیوەندی تەلەفۆنیەوە تۆمەتبار دەکرێت بە بڵاوکردنەوەی بەدڕەوشتی و هەڕەشەی لێ دەکرێت. ناوبراو بە تیمەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ڕاگەیاند کە پیاوێکی ئاینی پاش ئەوەی لەڕێگای تەلەفۆنەوە لە ناوبەرنامەیەکی ڕاستەوخۆدا هەڕەشەی لێکردم، بۆ ڕۆژی دواتر خۆیی و چەند کەسێکی تر هاتنەسەرم لە ناو نوسینگەی کەناڵەکە و بەردەوام بوو لە هەڕەشە کردن. هەر بەوەشەوە نەوەستا، بەڵکو لە لای هێزەکانی ئاسایشی نیشتیمانیش شکاتی لێکردم و تۆمەتی ناڕەوای دایەپاڵم. ئەو خانمە پێشکەشکارە ووتی کەیسەکە ماوەی دوو مانگی خایاند تاکو چارەسەرکراو کۆتایی پێهێنرا. (ناوی تەواوی ڕۆژنامەنەوسەکە و ووردەکاری زیاتری کەیسەکە لای ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی پارێزراوە).

لە ١١ی ئایاری ٢٠٢١یشدا ڕۆژنامەوان (محەمەد گۆران) لە شاری هەولێر، ئاماژەی بەو هەڕەشە ناڕاستەوخۆیانە کرد پاش سەردانی بەرپرسێکی باڵای سیاسی ڕووبەڕووی دەکرێتەوە و ڕای گەیاند؛ «کاری ڕۆژنامەوانی بەتایبەت بۆ کەسێکی ئازاد، تەواو خەتەرناک بووە، چونکە ئەگەر نەکرێی بە سیخوڕی دەرەکی، ئەوە دەتکەن بەجاسووسی ناوخۆ!».

لە ١٤ی ئایاری ٢٠٢١دا، (سەنگەر ئاکرەیی) ڕۆژنامەوان هەڕەشەی کوشتنی لێکرا لە بەرانبەر کارە ڕۆژنامەوانییەکانی کە پەیوەستبوون بە دۆسیەی هاوڕەگەزخوازییەوە. هەڕەشەکان لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بوون. (سەنگەر ئاکرەیی) بە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی گوت: «جگەلەوە، چەند جارێکی دیکەیش لەسەر هەمان کاری ڕۆژنامەوانی هەڕەشەی کوشتنم لێکراوە».

لە ١٨ی ئایاری ٢٠٢١یشدا، (ڕزگار کۆچەر) پەیامنێری ئێن ئارتی ڕای گەیاند؛ لە بەرانبەر ڕووماڵکردن و وێنەگرتنی پەنابەرێک کە لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، ڕووبەڕووی هەڕەشە و سوکایەتی و

هەڵمەتێکی توندوتیژ بووەتەوە لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا. سوکایەتی و ناوزڕاندنی میدیاکاران لەڕێگەی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو تەشەنەی سەندووە، زۆرجار لەشێوەی هەڵمەتێک و بەشێوەی ڕێکخراو بەڕێوە دەبرێت، بەتایبەت لەلایەن ئەو پەیج و ئەکاونتانەی لەلایەن حزبەکانی سیاسی یان بەرپرسانی سیاسییەوە پاڵپشتی دەکرێن.

لە ٣١ی ئایاری ٢٠٢١ بەڕێوەبەری کەناڵی ئەلتەغیر (ئەکرەم زەنگەنە) پەیامی هەڕەشەئامێزی «کوشتن»ی خۆی و هەموو کارمەندانی کەناڵەکەی بۆ ناردرا، دوای پێشکەشکردنی بەرنامەیەک لە کەناڵەکە کە ڕەخنە لە یەکێک لە گرووپە چەکدارەکان دەگرێت و ناچار کرا بارەگای کەناڵەکە لە ناوچەی مەنسوور لە بەغدا چۆڵ بکەن.

لە ١٤ی حوزەیرانی ٢٠٢١دا، وتارنووس (هەژار عەلی) لەڕێگەی مۆبایلەکەیەوە هەڕەشەی کوشتنی لێکرا لە بەرانبەر ئاشکراکردنی دۆسیەی گەندەڵی لەبواری هەناردەی نەوت و داهات لە ئەکاونتەکەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک. ناوبراو شەش مانگ لەمەوپێش سلێمانی بەجێهێشت و لە بەریتانیا نیشتەجێ بوو.

ڕۆژی ٩ی ئابی ٢٠٢١، لەڕێگەی پەیوەندییەکی تەلەفونی لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، هەڕەشەی کوشتن لە ئەرسەلان یارئەحمەدی سەرنووری ماڵپەڕی هەنگاو دەکرێت. ڕێکخراوەکە لە ڕاگەیەنراوێکی تایبەت دا، وردەکاری هەڕەشەکەی ئاشکرا کردووە کە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفونییەوە بووە. ئەو هەڕەشەیە پاش تیرۆرکردنی موسا باباخانی ئەندامی سەرکردایەتی حزبی دیموکرات دێت و لە پەیوەندییە تەلەفونییەکەدا وەک ئەوەی ئەرسەلان یارئەحمەدی دەیگێڕێتەوە، داوای لێکراوە بنووسێت کە موسا باباجانی لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە نەکوژراوە، بەڵکو لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی کوژراوە. دوای ئەوە یارئەحمەدی ڕاستەوخۆ تەلەفونەکەی داخستووە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافی مرۆڤ، دوای داخستنی تەلەفۆنەکە هێزە ئەمنییەکان فشاریان خستووەتە سەر باوک و برای ئەرسەلان یارئەحمەدی و بەڵێننامەیان پێ پڕکردوونەتەوە کە دەبێت یارئەحمەدی واز لە چالاکی مافی مرۆڤ بێنێت و هەموو چالاکییەکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو ڕابگرێت، ئەگەرنا دەیکوژن.

ڕۆژی ٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، نەبەز ڕەشاد پەیامنێری وێستگەنیوز لە هەولێر، لە ڕۆژی دەنگداندا پێشێلکاریی بەرانبەر کرا. لە دەنگدانی تایبەت بوو، لە بنکەی یەزدانحۆت لە شارۆچکەی عەنکاوە، ژمارەیەکی زۆر دەنگدەر رویان لەو بنکەیە کرد و ئەمەش بووەهۆی دروستبونی قەرەباڵغی، لەوکاتەدا یەکێک لە پاسەوانەکانی بنکەکە کەوتە سەر زەویی و لە کامێرای ئێمەوە تۆمار کرا»، نەبەز گوتی «دوای بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆکەی، لێپرسراوی ئاسایشی بنکەکە پرسیاری منی کردبوو، ئێمەش چووینەوە هەمان بنکە، داوای لێکردم ڤیدیۆیەکە ڕەش بکەمەوە، منیش گوتم ناتوانم، ئیتر سوکایەتی بە خۆم و دەزگاکەم کرد».

لە ٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١دا ڕۆژنامەنووس مەحموود یاسین کە ئێستا لە بەریتانیا نیشتەجێیە، هەڕەشەی کوشتنی لێکرا لە هەر جێیەک بێت، ئەوەش لە بەرانبەر ڕەخنەگرتن و ناوهێنانی بەرپرسانی باڵای سیاسی هەرێم و هەڕەشەکەش لە ڕێگەی تۆڕەکانی پێوەندییەوە بوو.

ڕۆژی ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، لەکاتی ڕووماڵکردنی پرۆسەی دەنگدانی گشتی لە بنکەی بارزانی نەمر لە هەولێر، نەبەز ڕەشاد دوای ئەوەی وێنەی ئامێری پەنجەمۆری دەنگدان دەگرێت، لەلایەن بەرپرسی وێستگەکەوە هەڕەشەی «بەکارهێنانی هێزی لێدەکرێت»، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە پەیامنێرەکە باجی ڕێگەپێدانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی پێبوو بۆ ڕووماڵکردن.

لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، چەکدارانی دەمامکدار هەڕەشەی کوشتنیان لە سێ بێژەری (UTV ) کرد لە بەرانبەر میوانداریکردنی سیاسەتمەداری عێراقی فایەق شێخ عەلی لەلایەن کەناڵەکە.

## پێشێلکارییەکانی دژ بە خۆپیشاندەران و چالاکیە مەدەنییەکان

لەماوەی نێوان (٢٠٢١/١/١ – ٢٠٢١/١٢/٣١) ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی دەیان دۆسیەی پێشێلکاری لە چوارچێوەی خۆپیشاندان، گردبوونەوە و چالاکییەکانی نارەزایەتی تۆمار کردووە. لەو چوارچێوەیەدا، ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەران و چالاکانی مەدەنی ڕووبەڕووی دەستگیرکردن، بریندارکردن، ئازاردان، هەڕەشە و پێشێلکاری جیاجیا کراونەتەوە. ئەوە سەرەڕای، ڕێگریی لە ئەنجامدانی چالاکی مەدەنی و هەروەها بەکارهێنانی توندوتیژی لە بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران و کپکردنەوەی نارەزایەتییەکان. پێشێلکارییەکان دژ بە چالاکییەکانی مەدەنی، چەند ئاستێک لەخۆدەگرێت؛ هەر لە سەرەتاوە ڕێگریی لە خۆپیشاندان و گردبوونەوە؛ لەحالەتی دروستبوونی خۆپیشانداندا بە زوویی کۆتاییپێهێنان بەڕێگەی هێزی ئەمنییەوە؛ هاوکات هەڕەشەکردن و ئازاردانی خۆپیشاندەران، دەستگیرکردن و زیندانیکردنیان. لەو چوارچێوەیەدا، ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی دەیان خۆپیشاندان، گردبوونەوە و چالاکی مەدەنی تۆمار کردووە کە پێشێلکاریی تێدا ئەنجام دراوە، لەشێوەی بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بە خۆپیشاندەران و چالاکانی مەدەنی و هاوکات دەستگیرکردنی سەدان خۆپیشاندەر و چالاکی مەدەنی لەکاتی خۆپیشاندان و گردبوونەوەکاندا.

وەک لە خستنەڕووی وردەکارییەکان لە خوارەوەدا ڕوون دەبێتەوە، لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان دا، پێشێلکارییەکان ڕوودەدەن و هێزە ئەمنییەکان بەگشتی ئەنجامدەری یەکەمینی پێشێلکارییەکانن.

ڕێگریی لە گردبوونەوە، خۆپیشاندان و چالاکی مەدەنی لە هەرێمی کوردستاندا، لێکەوتێکی دروست کردووە، کە خۆپیشاندەران و نارازییەکان پەنا بۆ شێوەیەک لە بەکارهێنانی توندوتیژی لە شێوازی دەربڕینی داخوازی و نیگەرانییەکانیان ببەن. بەکارهێنانی هەر شێوازێکی نائاسایی، سەرەڕای ئەوەی لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی داخوازی و نیگەرانییەکانی هاووڵاتیان و بۆشایی نێوان خەڵک و دەسەڵاتی سیاسی دروست بووە، بەڵام لە کۆتاییدا زیانی زۆر بە چالاکی و خەباتی مەدەنی دەگەیەنێت. ئەو توندوتیژیی و ڕەفتارە نائاساییانەی لێرەولەوێ لە تاک تاکی خۆپیشاندەران بەدی دەکرێت، بەشێکیشی پێوەستە بە لاوازی متمانەی هاووڵاتیان بە سەرجەم چین و توێژەکانەوە لە بەرانبەر دەسەڵاتی سیاسی و ڕادەی بەدەنگەوەچوونی هاووڵاتییان. سەرەڕای هەموو ئەوانە، هۆکاری هەرە گرنگ، خۆی لە وەڵامدانەوەی توندوتیژانە و زەبروزەنگی هێزە ئەمنییەکان لە بەرانبەر دەربڕینی داخوازی و نیگەرانییەکانی خۆپیشاندەران دەبینێتەوە. لە هەرێمی کوردستان دا، هەر کاتێک خۆپیشاندان، گردبوونەوە و چالاکییەکی مەدەنی بەڕێوەدەچێت، پێش هەمووان هێزە ئەمنی و سەربازییەکان دەگەن و لەگەڵ خۆیاندا سروشتێکی توندوتیژانە بە چالاکیە مەدەنییەکان دەبەخشن. لە زۆربەی حالەتەکاندا، نوێنەرانی دامودەزگە خزمەتگوزارییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئامادەنین لانیکەم گوێ لە داخوازی و نیگەرانییەکانی هاووڵاتییان بگرن، دیوارێکی بەرز و پتەو لەنێوان بەرپرسان و هاووڵاتییان هەڵچنراوە. هەموو ئەوانە، نیگەرانییەکانی خەڵک زیاتر و قوڵتر دەکاتەوە و زۆرجاریش سەردەکێشێت بۆ ئەنجامدانی هەندێک هەڵسوکەوتی توندوتیژانە لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە.

زۆرجار خۆپیشاندەران ڕێگە سەرەکییەکانی نێوان شارەکان یان ناوخۆی شار دەگرن، ئەوە وەک نەریتێکی خۆپیشاندان و گردبوونەوە نارەزاییەکانی هەرێمی کوردستانی لێ هاتووە. لەکاتی چاوپێکەوتنەکاندا، خۆپیشاندەران یەک وەڵام دەدەنەوە، ئامانجەکە دروستکردنی گوشارە لەسەر دامودەزگەکانی حکوومەت بەمەبەستی وەڵامدانەوە و بەدەنگەوەهاتنی خۆپیشاندەران. هاووڵاتیان بەگشتی بۆچوونێکیان بۆ دروست بووە، لایەنە بەرپرسەکان بەشێوەیەکی ئاسایی بە دەنگیانەوە نایەن و خۆپیشاندان و دەنگ بەرزکردنەوەش کاریگەرییەکی ئەوتۆ دروست ناکات، لەبەرئەوە وەک ناچارییەک پەنا بۆ گرتن و داخستنی ڕێگەکانی هاتووچۆ دەدەن، بەنیەتی بەدەنگهاتنی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەژێر گوشاری داخستنی ڕێگەکانی هاتووچۆدا.

ڕۆژی ٤ی کانوونی دووەم، ژمارەیەک لە دانیشتووانی قەزای ماوەت و گوندەکانی دەڤەرەکە لە سنووری پارێزگای سلێمانی دەستیان بە خۆپیشاندان کرد، بەهۆی نەبوونی کارەبا، شەش لە خۆپیشاندەران لەلایەن دەزگەی ئاسایشی سنوورەکەوە بانگهێشت کران و ڕووبەڕووی لێپێچینەوە کرانەوە.

لە ٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ خاوەن دوکانەکانی بازاڕی نیشتمان لە هەولێر، سەرەڕای ئەنجامدانی گردبوونەوەیەکی هێمنانە کە داوای کەمکردنەوەی کرێی دوکانیان دەکرد، بەڵام بە ڕاشکاوی بە میدیاکانیان ڕاگەیاند، هەڕەشەیان لێکراوە کە نابێت قسە بکەن و لێدوان بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بدەن.

لە ١٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١دا، (هاوڕێ کوردی) چالاکی مەدەنی لە شاری هەولێر لەلایەن چەند چەکدارێکەوە هێرشی کرایە سەر و بریندار کرا و مۆبایل و جزدانەکەی بردرا.

لە ٧ی ئازاری ٢٠٢١دا، لەلایەن ئاسایش و بەڕێوەبەرایەتی شارەدێی سیدەکان لە سنووری پارێزگای هەولێر، ڕێگریی لە گەنجێک بەناوی (سیهاد یاسین) کرا کە وەک چالاکییەکی خۆبەخشانە و بەهاوکاری و هەماهەنگی چەند کەس و ناوەندێک کتێبخانەیەکی بچووکی لە گوندی دەرهۆڵ کردبووەوە. بەڵام ئاسایش ڕێگەیان لە چالاکییەکە گرت، سەرەڕای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتی لە چالاکییەکە کرد.

لە ٢٣ی ئازاری ٢٠٢١ ڕێکخراوی ڕاسان لەلایەن پەرلەمانتارێکی کوردستانەوە هەڵمەتی داخستنی لە دژ بەرپا کرا. لە ٢٠٢١/٣/١١ خۆبەخشانی ڕێکخراوی ڕاسان لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیاکانەوە ئاشکرایان کرد لەلایەن پەرلەمانتارێکی کوردستانەوە سکاڵا لە دژی بوون و کارکردنی ڕێکخراوەکەیان تۆمار کراوە و ئەو پەرلەمانتارە هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوەی بۆ داخستنی ڕێکخراوەکە دەستی پێکردووە. ڕێکخراوەکە کەمپێنێکی ئۆنلاینی بۆ پاڵپشتی لە بوون و بەردەوامی کارەکانی دژ بە هەوڵی داخستنی راگەیاند. پەرلەمانتارەکە لە ٢٠٢١/٢/١٥ سکاڵایەکی لە دژی ڕێکخراوەکە تۆمار کرد بە پاسای بڵاوکردنەوەی «نائەخلاقی»، لەکاتێکدا ڕێکخراوەکە لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان تۆمار کراوە و کار لە پرسی هاوڕەگەزخوازان دەکات.

لە ١٨ی ئازاری ٢٠٢١دا، کاتێک سەدان قوتابییانی پۆلی ١٢ی ئامادەیی، گربوونەوەیەکیان لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی ساز کرد، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستڕێژی گولەیان بەسەردا کرا و بە هەڕەشە و ترساندن بڵاوە بە خۆپیشاندەران کرا.

لە ٢٥ی نیساندا، لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە (٥٥) خۆپیشاندەر لە ژن و پیاو دەستگیر کران، لەکاتێکدا خۆپیشاندانیان لە دژی داگیرکاریی و لەشکرکێشییەکانی تورکیا لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان ساز کردبوو. دەستگیرکراوەکان چەند ڕۆژ لە ئاسایش هێشترانەوە.

لە ٣٠ی ئایاری ٢٠٢١دا، لەلایەن کارمەندانی ئاسایشی بازگەی دێگەڵە لە سنووری پارێزگای هەولێر، ڕێگریی لە ڕێپێوانی گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستان کرا کە نزیکەی (٣٠) کەس دەبوون و بەنیەتی ناڕەزایەتی دەربڕین دژ بە لەشکرکێشیی تورکیا دەستیان بە ڕێپێوان کرد بوو.

لە ٥ی حوزەیرانی ٢٠٢١دا، ژمارەیەک لە شۆفێرانی تەکسی لەشاری سلێمانی لەدژی گرانی نرخی بەنزین و خراپی کوالێتییەکەی خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، لەبەرانبەریشدا، بەمەبەستی بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران، هێزەکانی پۆلیس گازی فرمێسکڕێژیان بەکارهێنا و گرژی لە خۆپیشاندانەکەدا دروست کرا و بڵاوە بە خۆپیشاندەران کرا.

لە ٢٩ی حوزەیران، ئاسایشی گەرمیان (٦) هاووڵاتی خۆپیشاندەری دەستگیر کرد، کە خەڵکی ناوچەی نەوتی چیاسورخ بوون و لە خۆپیشاندانێکدا داوایان دەکرد لەو داهاتەی لە نەوتی ناوچەکەیان دەست دەکەوێت، هەندێک خزمەتگوزاری بۆ سنوورەکەیان ئەنجام بدرێت.

لە ڕۆژی ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٢١دا، هاووڵاتییانی کۆمەڵگەی چرە لە سنووری پارێزگای دهۆک بەهۆی نەبوونی کارەباوە دەستیان بە خۆپیشاندان کرد، بەڵام لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە فشارییان لەسەر کرا و بڵاوە بە خۆپیشاندانەکە کرا.

لە ٤ی ئازاری ٢٠٢١دا، دووجار لەناو باڵەخانەی قایمقامیەتی سلێمانی و لەلایەن کارمەندێکی ئاسایشەوە، هەڕەشەی کوشتن لە چالاکی مەدەنی و سیاسی (هەرێم جەمال) کرا، لە بەرانبەر قسەکانی لە بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنی لە کەناڵی ئاسمانی ئێن ئار تی و بەگوتەی هەرێم بۆ ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی، پێشتریش چەند جاری دیکە بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیام و نامەی هەڕەشەئامێزی بۆ هاتووە.

لەو ماوەیەدا، چەند کەسی دیکە لەسەر قسەکردن و ئازادی دەربڕین ڕووبەڕووی گرتن و ئازاردان و هەڕەشەکردن بوونەتەوە، لەناویاندا (د. باخان ئازاد)ی پزیشک لە بانکی خوێنی هەڵەبجە و پاش قسەکردنی لەسەر گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردن لە کەرتی تەندروستیدا، لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە دەستگیر کرا و دوای ئازادکردنی لە ٣ی حوزەیراندا، بەرەو هەولێر هەڵات.

لە ئایاری ٢٠٢١دا، هەڤاڵ زێباری مامۆستا لە ئاکرێ-دهۆک لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتێکی کورت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە کارەکەی دوورخرایەوە.

لە ٥ی ئایاردا، ژمارەیەک کەس هەڵیانکوتایە سەر ماڵی چالاکوان محەمەد ڕەسوڵ لە ڕاپەڕین-سلێمانی.

لە ڕۆژی ٢٠ی ئایاری ٢٠٢١دا، لەلایەن ئاسایشەوە دڵشاد جەباری چالاکوان لە سلێمانی دەستبەسەر کرا.

ڕۆژی ١٨ی ئابی ٢٠٢١، ژمارەیەک لە دانیشتووانی گوندی باستام لە سنووری شارۆچکەی خەبات، لە دژی تێکدانی خانووەکانیان خۆپیشاندانیان کرد و بۆ ماوەیەک ڕێگەی نێوان هەولێر، مووسڵ و دهۆک داخرا. لە ئەنجامی خۆپیشاندانەکەدا، گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەران دروست بوو، هێزە ئەمنییەکان تەقەیان بەسەر خۆپیشاندەراندا کرد، بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە خۆپیشاندانەکە و لەلایەن خۆپیشاندەرانیشەوە بەرد و دار ئاراستەی کارمەندان و ئۆتۆمبێلی هێزە ئەمنییەکان کرا.

لە ٣ی ئەیلوولی ٢٠٢١دا، هێزە ئەمنییەکانی پارێزگای دهۆک، لەژێر گوشاردا بڵاوەیان بە خۆپیشاندەرانی گوندی ئیمێنکی سنووری پارێزگەکە کرد کە وەک ناڕەزایەتی بەرانبەر بە نەبوونی ئاو خۆپیشاندانیان ساز کرد بوو. پۆلیسی دهۆك لەبارەی بڵاوەکردن بە خۆپیشاندانەکە، ڕاگەیەنراوێکی بڵاو کردەوە و ئاماژەی دا: «ئەمڕۆ بۆ ماوەیەك ڕێگەی سەرەکی نێوان دهۆك-زاوێتە لەلایەن ژمارەیەك هاووڵاتی گوندی ئێمینکییەوە داخرا، بەشێوەیەکی بەپەلەش، پارێزگار و بەڕێوەبەری پۆلیسی دهۆك و قائیمقام لەو ڕەوشە ئاگادارکرانەوە و لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بەشێوەیەکی ئاشتییانە بڵاوە بەخۆپیشاندانەکە کرا».

لە ١٧ی ئەیلوولی ٢٠٢١، هێزە ئەمنییەکان سەرەڕای بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران و کۆتاییهێنان بە خۆپیشاندان، ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران لە شاری سلێمانی دەستگیر کرد کە داخوازی خزمەتگوارییە سەرەتاییەکانیان بەرز کردبووەوە. یەکێک لە ئامادەبووانی خۆپیشاندانەکە بە ئاشتی و ئازادی ڕاگەیاند، زیاتر لە ١٠ خۆپیشاندەر دەستگیر کراون.

ڕۆژی ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، لەلایەن پۆلیسی شارۆچکەی سۆران، ژمارەیەک لە قوتابییانی دەرچووی پۆلی ١٢ی ئامادەیی دەستگیر کران کە وەک ناڕەزایەتی دژ بە نەگەڕانەوەی ناوەکانیان لە هیچ کۆلیژ و پەیمانگەیەکدا، خۆپیشاندانیان ساز کرد بوو. بەڵام سەرجەمیان لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کران کە زیاتر لە ٢٠ قوتابی خۆپیشاندەر دەبوون.

ڕۆژی ٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، فەرمانبەرانی گرێبەست لە بەردەم باخی گشتی هەڵەبجە بەمەبەستی خستنەڕووی داواکاری بۆ بەهەمیشەیی دامەزراندنیان گردبوونەوەیەکیان ساز کرد. سەرەڕای ئەوەی لە گردبوونەوەکەیان بەردەوام بوون، بەڵام وەک بە تیمی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادیان ڕاگەیاند: «لەلایەن چەند بەڕێوەبەری فەرمانگە و کاربەدەستانی شارەکەوە، هەڕەشەیان لێکراوە لە بەرانبەر بەشداریکردن لە گردبوونەوەکەدا و نەهاتنە شەقام». بابەتی هەڕەشەکردن و چاوسوورکردنەوە لە فەرمانبەرانی گرێبەستی سنووری هەڵەبجە لە بەرانبەر گردبوونەوەیەکی ئاسایی دا، لەلایەن چەند کەناڵێکی میدیاییەوە بە هەمان شێوە وروژێنرا.

ڕۆژی ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، خۆپیشاندانی قوتابییان لە چەند شار و شارۆچکەی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو. قوتابییان داوای گێڕانەوەی دەرماڵەیان دەکرد کە لەوەتەی ساڵی ٢٠١٤ەوە لێیان بڕاوە و حکوومەت خەرجی ناکات. لە خۆپیشاندانەکەی شاری سلێمانی، هێزە ئەمنییەکان داری کارەبایی و گازی فرمێسکڕێژیان بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران بەکارهێنا، بەهۆی زۆری گازی فرمێسکڕێژەوە، چەندین قوتابی باری تەندروستییان تێکچوو. گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان دروست بوو، چەند قوتابییەک بریندار بوون. لە بەردەوامی خۆپیشاندانەکانی قوتابییانی زانکۆ و پەیمانگەکاندا، کە شارەکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە، گەرمیان، ڕاپەڕین و چەندین شار و شارۆچکەی دیکەی گرتەوە، هێزە ئەمنییەکان زۆر بە توندی هەوڵی کۆنترۆڵکردن و کۆتاییهێنان بە خۆپیشاندانەکانیان دەست پێکرد و هاوکاتیش هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی قوتابییە خۆپیشاندەرەکان لە زۆرینەی شار و شارۆچکەکانی خۆپیشاندانی تێدا کرا، دەستی پێکرد.

رۆژی ٢٣ی تشرینی دووەم، نزیکەی ٣٠ قوتابی خۆپیشاندەر لە خۆپیشاندانی قوتابیانی هەولێردا دەستگیرکران و پاشان ئازاد کران.

لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١دا، خۆپیشاندانی قوتابییان لە قەزای سۆران دەستی پێکرد و هێزە ئەمنییەکان بەزەبری هێز کۆتاییان بە خۆپیشاندانەکە هێنا.

ڕۆژی ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، نارەزایی و خۆپیشاندانی خوێندکاران بەشێکی شار و شارۆچکەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بەردەوام بوو، ئاڵۆزی و پشێوییەکی زۆر لە چەندین شار و شارۆچکەدا دروست بوو، لە چەند شارۆچکەدا، دامەزراوەی حکوومی و سیاسی سووتێندرا یان زیانی پێگەیەنرا، وەک لە خۆپیشاندانەکەی سەیدسادق و پیرەمەگروون ڕوویدا. توندوتیژییەکان بەرانبەر بە خۆپیشاندەران لە شاری سلێمانی زیاتر بوون، لەکاتێکدا قەبارەی خۆپیشاندانەکە گەورەتر بوو، هێزە ئەمنییەکان جگەلە بەکارهێنانی داری کارەبایی و گازی فرمێسکڕێژ، تەقەیان بەسەر خۆپیشاندەراندا کرد و قوتابی لە ڕیزەکانی خۆپیشاندەراندا بریندار کرا. لە خۆپیشاندانی قوتابییانی زانکۆی دهۆکیش بارودۆخەکە باشتر بوو، هێزە ئەمنییەکان بەخێرایی بڵاوەیان بە خۆپیشاندەران کرد و بە هێزەوە کۆتاییان پێهێنا. جگەلە برینداركردن و دەستگیرکردنی قوتابییان لە ڕیزەکانی خۆپیشاندەراندا، لە زۆر شار و شارۆچکەدا، هەڕەشە لە قوتابیان بە گشتی دەکرا کە بە هیچ شێوەیەک نەچنە پاڵ قوتابییە خۆپیشاندەرەکانەوە. ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی گرتەیەکی ڤیدیۆیی لە یەکێک لە بەشە ناوخۆییەکانی پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە دەستکەوت، لە بڵندگۆی بەشەکەوە هەڕەشە لە خوێندکاران دەکرێت کە بەشداری خۆپیشاندان نەکەن، چونکە تەقەیان لێ دەکرێت، قسەکەرەکە باس لە مەڵبەندی یەکێتی لە کۆیە دەکات «زۆر توندە و تەقە دەکەن و هەر خوێندکارێکیش بریندار بێت پەیوەندی بە پەیمانگەوە نییە». لە هەمانکاتدا، بە ناوی بەرپرسێکی پەیمانگەکەوە هەڕەشەی ئەوە دەکرێت هەر خوێندکارێک بەشداری خۆپیشاندان بکات، لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت و لە بەشە ناوخۆییەکەش دەردەکرێت.

رۆژی ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، لە شاری هەولێر هێزی ئەمنی دەرگای کۆلێژی دەرمانسازییان لەسەر خوێندکاران داخست، لەبەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییش، ژمارەیەک خوێندکار دەستگیرکران و چەندین مۆبایلیش دەستی بەسەرداگیرا. خۆپیشاندانی قوتابییان لە هەولێر بە هەڕەشە بڵاوەی پێکرا، چەند قوتابییەک دەستگیرکران و مۆبایل لە دەستی قوتابیان ڕفێندرا و جنێو و سووکایەتییان پێکرا.

له ٢٤ی تشرینی دووەمدا، جارێکی دیکە خۆپیشاندانی قوتابییانی هەڵەبجە بە زەبری هێز بڵاوەی پێکرا.

له ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١دا، قوتابییەکی خۆپیشاندەر لە سەرای سلێمانی، بە فیشەکی هێزە ئەمنییەکان بریندار کرا و پاشان بۆ نەخۆشخانە گواسترایەوە. بەگوێرەی داتای سەرچاوە فەرمییەکان لەماوەی چەند ڕۆژێکی خۆپیشاندان تەنیا لە سنووری سلێمانی، سەدان کەس برینداربوون یان زیان بە تەندروستییان گەیشت. بەپێی داتاکانی سەنتەری فریاکەوتنی خێرا(٢٥ی تشرینی دووەم) تەنیا لە خۆپیشاندانەکانی قوتابییانی سلێمانی، نزیکەی (٦٠٠) کەس بریندار بوون کە (٥٥)یان ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون و ئەوانیتر لە شوێنی ڕووداوەکە چارەسەری خێرایان پێشکەش کراوە. سەرەڕای ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان هەیە، بەڵام لە زۆرینەی خۆپیشاندان و چالاکییە مەدەنییە هاوشێوەکاندا، جگەلە هێزی ئەمنی، هێزی سەربازییش جوڵەی پێدەکرێت بەمەبەستی ڕێگریی و کۆتاییهێنان بە خۆپیشاندانەکان و ئەو حالەتەیش لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانی قوتابیان لە نزیکەی تێکڕای شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان تێبینی کرا.

له ٢٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١دا، خۆپیشاندانی قوتابیان لە چەند شار و شارۆچکەیەکدا بەردەوام بوو، وەک خۆپیشاندان لە ناوەندی ڕانیە، کە دیسان بە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە کۆتایی پێهێنرا و هێزێکی زۆری ئەمنیش لەناو شارەکدا بڵاوەی پێکرا.

جگەلە ڕێگریی لە خۆپیشاندان و گردبوونەوەکانی قوتابییانی زانکۆ و پەیمانگەکان، لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، ڕێگریی لە کۆمەڵێک چالاکی مەدەنی و داکۆکیکاری بواری ئافرەتان کرا، گردبوونەوەیەک لە شاری سلێمانی و لەچوارچێوەی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ساز بکەن.

لەماوەی ئەو زنجیرە خۆپیشاندان و گردبوونەوانەی قوتابییانی زانکۆ و پەیمانگەکاندا، سەدان قوتابی خۆپیشاندەر لە شار و شارۆچکەکاندا دەستگیر و دەستبەسەر کران، هەندێک لە دەستبەسەرکراون ڕاستەوخۆ یان لە هەمان ڕۆژدا ئازاد کران و هەندێکی دیکەیان چەندین شەووڕۆژ لە زینداندا هێشترانەوە. ئەنجوومەنی سەرتاسەری مامۆستایانی ناڕازی و ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی مەدەنی لە ٢٦ی تشرینی دووەمدا، جەختیان لە دەستگیرکردنی نزیکەی (٣٠٠) خۆپیشاندەر لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان کرد، ئەوە لە میانەی ڕاگەیەنراوێکی فەرمی دا بوو. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی لە سەرچاوەی جیاجیا دەستی کەوتووە، تا کۆتایی (٢٠٢١/١١/٣٠) دەیان قوتابی خۆپیشاندەر و چالاکی مەدەنی کە وەک پاڵپشتیکردن لە داخوازییەکانی قوتابیان بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکاندا کرد بوو، هێشتا لە زیندانەکاندا هێشترابوونەوە. لەکاتێکدا بەرپرسێکی ئەمنی لە پارێزگای سلێمانی لە ڕۆژی ٤ی کانوونی دووەم بە تیمی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ڕاگەیاند: «سەرجەم خوێندکارە خۆپیشاندەرەکان ئازاد کراون».

له ١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١دا، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی سنووری پارێزگای دهۆک، خورشید فەرەج ئاغا گولی لە شارەدێی باتیفای سەر بە پارێزگای دهۆک دەستگیر کرا.

## پێشێلکاریەکانی دژ بە خانمانی ڕۆژنامەنوس و ژنانی چالاکوان

هاوشێوەی ساڵانی پێشوو، لە ساڵی ٢٠٢١یش مەترسی و پێشێلکاریەکان بۆ سەر خانمانی ڕۆژنامەنوس و ژنانی چالاکوان بەردەوامی هەبوو. بۆ نیشاندانی ڕەوشی مەترسی و جۆری پێشێلکاریەکان و لەپێناو داکۆکیکردن لە خانمانی ڕۆژنامەنوس و ژنانی چالاکوان، ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی لە ڕێگای تیمەکانیەوە بەردەوام بوو لە بەدواداچوون و دۆکیومێنتکردنی پێشێلکاریەکان. ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ تیشك خستنە سەر ئەو پێشێلکاریانەی لە ماوەی نێوان ١-١-٢٠٢١ بۆ ٣١-١٢-٢٠٢١ لە پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە دژ بە ڕۆژنامەنوسان و چالاکانی مەدەنی ڕەگەزی مێ، کە ژمارەیان (٢٣) کەیسی پێشێلکاریە و وردەکاری کەیسەکان لە خوارەوە خراونەتە ڕوو.

بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکان، چاودێرەکان بەدواداچونیان بۆ ئەو پێشێلکاریانە کردووە کە دژ بە خانمانی ڕۆژنامەنوس و ژنانی چالاکوان ئەنجامدراون. جگە لە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەشێك لە قوربانیەکان خۆیان، بۆ سەلماندنی ڕاست و دروستی کەیسەکانی تر بەڵگەی پێویست کۆکراوەتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش سوود وەرگیراوە لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکان و ڕاپۆرتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن سەبارەت بە ئازادی ڕادەربڕین کە وەك سەرچاوەی زانیاری بۆ پشتڕاستکردنەوەی کەیسی پێشێلکاریەکان بەکارهێنراون.
وەك پابەندیەکی ئەخلاقی و بۆ پاراستنی سەلامەتی و مافی قوربانیەکان، ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ناوی قوربانیەکانی نەهێناوە لەم ڕاپۆرتەدا، بەتایبەتی ئەوانەی کە نەیانویستوە ناوی ڕاستەقینەیان بهێنرێت. لە داڕشتنی کەیسی پێشێلکاریەکانیش، ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی خۆی پاراستوە لە ئاماژەکانی ناسینەوەی قوربانیەکان و ناوی ئەو دام و دەزگایانەشی بە نهێنی هێڵاوەتەوە کە قوربانیەکان کاریان تێداکردووە. ئەمە ئەو کەیسانە ناگرێتەوە کە پێشتر ناو و ناسنامەی قوربانیەکە لە ڕێگای ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیەکانەوە بڵاوکراونەتەوە یان ڕەزامەندی قوربانیەکەی لەسەر بووە.

ئەگەری زۆرە ژمارەی پێشێلکاریەکان زۆر زیاتربن لەوەی کە لە چوارچێوەی ئەم ڕاپۆرتەدا خراونەتەڕوو.ئەمەش لەبەرئەوەی کە ئازادی ڕادەربڕین بۆخۆی بابەتێکی هەستیارە، لە هەندێك باردا کەسی قوربانی بەهەر هۆکارێك بێت (دەکرێت هۆکاری خۆپارێزی دیارترینیان بێت) ڕەنگە ئەو پێشێلکاریانە ڕیپۆرت نەکات. ئەم هەستیاریە بۆ ڕۆژنامەنوسان و چالاکانی ڕەگەزی مێ لە شوێنێکی وەکو عێراق و هەرێمی کوردستان دوو بەرانبەرە. هۆکارێکی تر ڕەنگە پەیوەندی بە سنورداری ژمارە و توانای چاودێرەکان بێت کە نەتوانرابێت چاودێری هەموو کەیسی پێشێلکاریەکان بکرێت و دۆکیومێنت بکرێن.



لە ١٦ی کانونی دووەمی ٢٠٢١ هێزێکی هاوبەشی سەربازی عێراق کە پێکهاتبوو لە هێزی ئاسایشی گەشتیاری و ئاسایشی نیشتیمانی لە هۆتێلێکی ناوەڕاستی شاری بەغداد لە ناوچەی کەڕادە ڕۆژنامەنوس قودس سامەرائیان دەستگیرکرد. دەستگیرکردنی ناوبراو لەسەر فەرمانێکی گرتن بوو کە دادگای لێکۆڵینەوەی ڕوومادی دژی ئەو دەریانکردبوو لەسەر ڕەخنەگرتنی سامەڕائی دژی فەرماندە سەربازیەکانی ڕوومادی لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان. سەکۆی ئازادی ڕۆژنامەنوسی (Journalistic Freedoms Observotary) بەیاننامەیەکیان دژ بە دەستگیرکردنی ئەم ڕۆژنامەنوسە دەرکرد و ئیدانەی کارەکەیان کرد. بەپێی بەیاننامەکە کە تیمەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی بینیویانە، دەستگیرکردنی ناوبراو بەپێی ماددەی ٤٣٣ بووە کە تایبەتە بە تەشهیر و ناوزڕاندن، لەکاتێکدا سەکۆی ئازادی ڕۆژنامەنوسی ئەوەیان ڕاگەیاند کە تیمە شیکاریەکانیان هیچ ووشەیەکیان لە پۆستەکانی سامەڕائی نەدۆزیەوە کە ئاماژەی تەشهیر و ناوزڕاندنی تێدا بێت. بەپێی بەدواداچوونەکانی تیمەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی و ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیەکان ، سامەڕائی پاش چەند کاتژمێرێك لە دەستگیرکردنی بە کەفالەت ئازادکرا.

لە ٢٥ی کانونی دووەمی ٢٠٢١، کچە چالکوانی پارێزگای سەلاحەدین (ن.ا) پاش چەندین جار هەڕەشەلێکرن لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە، توشی هێرشی ئەلیکترۆنی بۆیەوە و هەژمارەکەی لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان هاك کرا. ئەو بە تیمەکانی ئاشتی و ئازادی ڕاگەیاند کە بەهۆی مەترسیە بەردەوامەکانی سەریەوە نایەوێت ناوی ڕاستەقینەیی و ئاماژەکانی ناسینەوەی بهێنرێت. ناوی ڕاستەقینەی (ن. ا) و ووردەکاری کەیسەکەی لەلای تیمەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی پارێزراوە.

لە ١ی شوباتی ٢٠٢١ پەیامنێری کەناڵی النجباء أسماء الشعلان لەگەڵ چەند ڕۆژنامەنوسێکی تری دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕێگریان لێکرا کە بچنە ناو زانکۆی سۆمەر لە پارێزگای زیقار بۆ ڕووماڵکردنی چالاکیەك بە بیانوی ئەوەی کە وەزیری خوێندنی باڵای عێراق بڕیاری داوە ڕێگە نەدرێت بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بچنە ناو زانکۆکانەوە جگە لە کەناڵی العراقية.

لە ٦ی شوباتی ٢٠٢١ کچە ڕۆژنامەنوسی عێراقی (ا . ص) بۆ ماوەی یەك مانگ ڕێگری لێکرا لە شاشەی ئەو کەناڵە تەلەڤزیۆنیەوە دەربکەوێت کە کاری تێدا دەکرد، ئەوەش بە بیانووی بڵاوکردنەوەی چەند وێنەیەکی خۆی لە سۆشیاڵ میدیا. ناوی ڕۆژنامەنوسەکە و ووردەکاری کەیسەکە لەلای ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی پارێزراوە.

کچە ڕۆژنامەنوس (ی. ع)پاش ئەوەی پەیوەندی پێوە دەکرێت لەلایەن کارمەندێکی ووزارەتی تەندروستی بەغداد بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی سەبارەت بە بونی دەرمانی ماوە بەسەرچوو لە بازاڕەکانی شاری بەغداد لەسەر بنەمای چەند بەڵگەیەك، لە ١١ی شوباتی ٢٠٢١ ڕۆژنامەنوسی ناوبراو و کارمەندەکەش لە ڕێگای ژمارە تەلەفۆنێکی نەناسراوەوە هەڕەشەی کوشتنیان لێ دەکرێت لە ئەگەری بەردەوام بوون لەسەر ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکەیان. ئەو بە تیمەکانی ئاشتی و ئازادی ووت کە لەبەر مەترسی ژیانیان وازیان لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەیان هێنا. ناوی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەنوسەکە لە لای تیمەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی پارێزراوە.

لە ١٤ی شوباتی ٢٠٢١ خانمە پێشکەشکار (ا. ج. ع) لە پارێزگای دیوانیە لە کاتی پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی ڕاستەوخۆی تایبەت بە ڕۆژی ڤالانتاین، لە ڕێگای پەیوەندی تەلەفۆنیەوە تۆمەتبار دەکرێت بە بڵاوکردنەوەی بەدڕەوشتی و هەڕەشەی لێ دەکرێت. ناوبراو بە تیمەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ڕاگەیاند کە پیاوێکی ئاینی پاش ئەوەی لەڕێگای تەلەفۆنەوە لە ناوبەرنامەیەکی ڕاستەوخۆدا هەڕەشەی لێکردم، بۆ ڕۆژی دواتر خۆیی و چەند کەسێکی تر هاتنەسەرم لە ناو نوسینگەی کەناڵەکە و بەردەوام بوو لە هەڕەشە کردن. هەر بەوەشەوە نەوەستا، بەڵکو لە لای هێزەکانی ئاسایشی نیشتیمانیش شکاتی لێکردم و تۆمەتی ناڕەوای دایەپاڵم. ئەو خانمە پێشکەشکارە ووتی کەیسەکە ماوەی دوو مانگی خایاند تاکو چارەسەرکراو کۆتایی پێهێنرا.

لە ١ی ئازاری ٢٠٢١ انتظار حسن کچە ڕۆژنامەنوس و کارمەندی ڕادیۆی المربد لە شاری بەسرە لە کارەکەی دوورخرایەوە. ئەو بە تیمەکانی ئاشتی و ئازادی ڕاگەیاند کە دوورخستنەوەکەی شتێکی چاوەڕواننەکراو بووە و پێشتر پێی ڕانەگەیندراوە،

لەگەڵ ئەوەشدا مووچەی مانگی کۆتایی کارکردنیشیان نەداوەتێ. وەك خۆی ئاماژەی پێکرد، هۆکاری دوورخستنەوەکەی پەیوەندی بەدەرکەوتنی ناوبراوەوە هەبووە لە کەناڵی ڕاگەیاندنی تر و مومارەسەکردنی مافی ئازادی ڕادەربڕین لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.

لە ١ی ئازاری ٢٠٢١ هەڵمەتێکی ناوزڕاندن دژ بە خانمە ڕۆژنامەنوس شەهێن سابیر لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ئەنجامدرا. وەك کاردانەوەیەك بۆ ئەو هەڵمەتە، سەنتەری میترۆ لە شاری سلێمانی بەیاننامەیەکی دژ بەو کارە لەپەیجی خۆیان بڵاوکردەوە و تاکیدی لە ناڕەوایەتی ئەو جۆرەکارانە کردەوە و پشتگیری خۆیان بۆ ئەو خانمە ڕۆژنامەنوسە دووپاتکردەوە کە ئەندامێکی خۆبەخشی سەنتەرەکەیانە.

لە ٢٧ی نیسانی ٢٠٢١، ڕۆژنامەنوس زەینەب الغانم دەستی لەکارکێشایەوە لە تۆڕی میدیای عێراقی، کۆڕبەندی ڕۆژنامەنوسانی ژنانی عێراقی بڵاویکردنەوە کە دەست لەکارکێشانەوەی ناوبراو بەهۆی گێچەڵ پێکردنەوە بووە.

لە مانگی ئایاری ٢٠٢١ کچە چالاکوانی شاری بەغداد (ر. خ. ش) پاش بەشداریکردنی لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی کەناڵی ئەلشەرقیە بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی توندوتیژی خێزانی، لە لایەن کەسانی ئیسلامی توندڕەوەوە لە ڕێگای تەلەفۆنەوە هەڕەشەی لێ دەکرێت و تۆمەتباردەکرێت بە تێکدانی ئادابی گشتی. ناوبراو بە تیمەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ووت کە ئەوە جاری یەکەم نیە تووشی هەڕەشەلێکردن دەبێتەوە، بەڵکو لە ٨ی ئازاری ٢٠٢١ لە پاش بڵاوبونەوەی چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی لە وکالة اخبار الان، توشی هەڵمەتێکی ناوزڕاندن و لەکەدارکردن بۆتەوە و چەندین تۆمەتی ناڕەوای بۆ دروستکراوە.

ڕۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٢١ لە شاری سلێمانی و لەکاتی پێکدادان و شەڕەتەقەی نێوان دوو هێزی ئەمنی، هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی هێرشیان کردە سەر تیمە ڕۆژنامەوانیەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە دەیانویست ڕووماڵی ڕووداوەکە بکەن. ڕۆژە سەڵاح کە پەیامنێری تۆڕی میدیایی BMC بوو ڕێگری لێکرا کە ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیەکەی ئامادەبکات و دەستگیرا بەسەر کەل و پەلە ڕۆژنامەوانیەکانی.

د. باخان ئازاد کە پزیشکە لە بانکی خوێنی هەڵەبجە و پاش قسەکردنی لەسەر گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردن لە کەرتی تەندروستیدا، لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە دەستگیر کرا و دوای ئازادکردنی لە ٣ی حوزەیراندا، بەرەو هەولێر هەڵات.

لە ١١ی حوزەیرانی ٢٠٢١ لە شاری بەسرە کەسانی نەناسراو بە ڕوومانەی دەستی هێرشیانکردە سەر ماڵی پارێزەر و چالاکی مەدەنی سرور ئەسەدی. لە بەدواداچونەکانی تیمەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی دەرکەوت کە هێرشەکە جگە لە زیانی ماددی هیچ زیانێکی گیانی لێ نەکەوتۆتەوە.

لە ١٦ی حوزەیرانی ٢٠٢١ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی بەسرە سکاڵایان دژ بە ڕۆژنامەنوسی شاری بەسرە نجاح العابدی بەرزکردەوە لەبەرانبەر ئەو ڕەخنانەی کە لە بارودۆخی تەندروستی نەخۆشخانەکانی شارەکەی گرتبوو.

لە ١٦ و ١٧ ی تەمموزی ٢٠٢١ بشری عبدالکریم کە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنیە لە پارێزگای زیقار بەهۆی کارو چالاکیەکانیەوە توشی هێرشی ناوزڕاندن و لەکەدارکردن بۆیەوە. ئەو بە تیمەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ڕاگەیاند کە پێشێلکاریەکان و بەربەستەکان زۆرن بۆ ژنانی چالاکوان نەك تەنها لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەڵکو لە شوێنی کارکردنیش.

لە مانگی تەمموزی ٢٠٢١ کچە ڕۆژنامەنوس (ل.ح) لە یەکێك لە کەناڵە ئاسمانیەکانی شاری بەغداد لەلایەن بەرپرسی بەشەکەیەوە ڕووبەڕووی هەراسانکردنی سێکسی دەبێتەوە. ئەو بە تیمەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ڕاگەیاند کە بەرپرسی

ئەو بەشەی کاری تێدا دەکات چەندجارێك داوای هاوسەرگیری کاتی لێکردوە (زواج متعە) لەبەرانبەر پێدانی کاری باشتر و بەرزکردنەوەی پلەکەی لە دەزگاکە. ناوی ڕاستەقینەی ئەم ڕۆژنامەنوسە و دەزگا ڕاگەیاندنەکەش لەلای تیمەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی پارێزراوە.

لە ٦ی ئەیلولی ٢٠٢١ کچە پارێزەر دانیە سادق کە لە هەمان کاتدا چالاکوانی بواری مافەکانی مرۆڤە لە پارێزگای واست تووشی هێرش و هەڕەشە لێکردن بۆیەوە. لە بەرانبەر ئەو هێرشە، دەستەی پارێزەرانی واست ئیدانەی ئەو کارەیان کرد و داوایان لە لایەنە ئەمنیەکان کرد کە بەزووترین کات ڕێوشوێنی جدی بگیرێتە بەر بۆ دۆزینەوەی هێرشبەرەکان و بەسزاگەیاندنیان لە ڕێگای دادگاوە.

ڕۆژنامەنوس جیهان الطائي، پاش ئەوەی ڕووبەڕووی پێشێلکاری و گێچەڵ دەبێتەوە لەلایەن بەرپرسێکی دەزگاکەیەوە لە مانگی ئەیلولی ٢٠٢١، لە ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١ لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنی لەگەڵ کەناڵی الولاء  باسی لە کێشەکەی کرد و ئەوەی خستەڕوو کە ئەو تاکە ڕۆژنامەنوسی ژن نیە کە تووشی پێشێلکاری و گێچەڵ بووەتەوە، بەڵکو چەندین کێشەی هاوشێوە هەیە کە خانمە ڕۆژنامەنوسەکانی تر لەبەر مەترسی ژیانیان باسی ناکەن وریپۆرتی ناکەن.

لە مانگی تشرینی یەکەم و لە سەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ژاڵە محمد پەیامنێری دەزگای میدیایی BMC  ڕێگری لێکرا کە ڕوومالّی چالاکیەکی یەکێك لە پارتە سیاسیەکان بکات لە شاری سلێمانی. ڕۆژنامەنوسی ناوبراو بە تیمەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ڕاگەیاند لە کاتێکدا سەرۆکی پارتە سیاسیەکە ئامادەی کەمپینی بانگەشەی حزبەکەی بووە بۆ هەڵبژاردن، ئەو ویستویەتی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی ئامادەبکات، بەڵام ڕێگری لێکراوە.

لە ڕۆژی ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، لە میانەی ڕووماڵکردن و گواستنەوەی گردبوونەوەی بەشێک لە چاودێرانی ڕێکخراوی تۆڕی سپی، کە بۆ داوای مافی خۆیان گردبوونەوەیان سازکردبوو، لەلایەن بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکەوە هێرش کرایە سەر (زوهرە عەلی) پەیامنێر و (ژیار جەمال)ی وێنەگری کەناڵی ئێن ئاڕ تی  لە شاری سلێمانی. لەکاتێکدا چاودێرانی ڕێکخراوەکە وەک ناڕەزایەتی لە دژی خودی ڕێکخراوەکە گردبوونەوەیان ساز کرد بوو، لەکاتی ڕووماڵکردندا، بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە پەلاماری تیمەکەی ئێن ئاڕ تی دا و ویستی دەست بەسەر کەلوپەلەکانیاندا بگرێت.

لە ٥ ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١ کچە وێنەگری کەناڵی جەزیرە ڕەیحان عبدالوەهاب لەگەڵ پەیامنێری کەناڵەکە لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە هێرشیان کرایە سەرو بە سەختی بریندارببوون. هێرش و پەلاماردانەکە لە کاتێکدابوو  کە سەرقاڵی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانێك بوون لە ناوچەی سەوزی بەغداد دژ بە دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق.

مەنار عبدالامی (منار الزبیدی)، ڕۆژنامەنوس و چالاکوانی مەدەنی لە شاری دیوانیە، بە تیمەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ڕاگەیاند، کە لە ساڵی ٢٠٢١ چەندین جار پێشێلکاری بەرانبەر کراوە، بە تایبەتی لە مانگەکانی تشرینی یەکەم و کانوونی یەکەم، ئەوەش بەهۆی ئەو ڕەخنە بەردەوامانەی کە لە کاربەدەستان و گروپە توندڕەوەکانی دەگرێت. ئەو ئاماژەی بەوەکرد کە زۆرترین پێشێلکاریەکان لە ڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە بەرانبەری دەکرێت و چەندین جار هەوڵی هاکردنی هەژمارەکەی دراوە. ئەمە جگە لەوەی کە لەپاش ڕاگەیاندنی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، بەهۆی ڕەخنەکانیەوە چەندین نامەی هەڕەشەی لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە بۆ هاتووە.

لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١، ڕێگریی لە کۆمەڵێک چالاکی مەدەنی و داکۆکیکاری بواری ئافرەتان کرا، گردبوونەوەیەک لە شاری سلێمانی و لەچوارچێوەی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ساز بکەن.

## ڕاسپاردەکان:

بەردەوامبوونی پێشێلکارییەکانی ئازادی ڕادەربڕین،پێویستی بەهەنگاوی خێراو جددی هەردوو حکوومەت و پەرلەمانی  عێراق و کوردستان هەیە بۆ:

پەلەکردن لە دەرکردنی یاسای نوێ و هاوچەرخ بە پێی پابەندییەکانی عێراق و هەرێم لەبواری ئازادی ڕادەربڕین.

هەموارکردنی هەموو ئەو یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوانەی کە بەربەست دەخاتە بەردەم مافی ئازادی ڕادەربڕین و لەبەرچاوگرتنی ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتی خولی گشتگیر(UPR)ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانی ساڵی ٢٠٢٠ بۆ عێراق.

کۆتایهێنان بەدیاردەی هەڵاتن لەسزا و پاراستنی سەروەری یاسا و دەستێوەرنەدان لە کاروباری دادگاکان و ڕێگری لە داوای بێ بنەما و ساختە دژ بە چالاکوان و ڕۆژنامەنووسان لە دادگاکان.

ڕاهێنانی هێزە ئەمنییەکانی تایبەت بە پاراستنی چالاکییە مەدەنییەکان لەسەر ماف و ئازادییەکان.

پێویستە میکانیزمی گونجا و ئاسان و سەلامەت بدۆزرێتەوە بۆ سکاڵاکردن دژ بەو کەسانەی کە پێشێلکاری بەرانبەر بە ڕۆژنامەنوسان بە گشتی و ڕۆژنامەنوسانی ڕەگەزی مێ بە تایبەتی ئەنجام دەدەن.

لە ڕووی دامەزراوەیی و کاری سەندیکاکانی ڕۆژنامەنوسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە پشکی ڕۆژنامەنوسانی ڕەگەزی مێ لە پێگەی بڕیاردان زیادبکرێت، لەهەمان کاتدا هەوڵی دەستەجەمعی بدرێت بۆ زیادکردنی بەشداری ژنان و ئافرەتان لە سێکتەری میدیا و ئەو دامەزراوانەی کەکار دەکەن بۆ پاراستن و داکۆکیکردن لە مافەکانی ڕۆژنامەنوسان ، ئەمەش لە ڕێگای دەرکردنی ڕێنمایی پێویست و لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی تایبەتی ڕۆژنامەنوسانی ڕەگەزی مێ.

# کـــۆتـــایـــی ڕاپـــۆرت

**ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی**، ڕێکخراوێکی نا حکومی قازانج نەویستە کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان کاردەکات بۆ پاراستنی ماف و ئازادیەکان بۆ دڵنیابوون لە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە ڕێگای بەهێزکردنی متمانە و هاوکاری لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگا و پاڵپشتیکردنی و گەشەپێدانی سیاسەتی دامەزراوە حکومی و ناحکومیەکان بۆ مسۆگەرکردنی ماف، ئازادی، دادی کۆمەڵایەتی بەپێیی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان.


/PFOORG

PFOK@PFO-KU.ORG

WWW.PFO-KU.ORG


**ڕێکخراوی فریاگوزاری میللەتی نەرویجی بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرتە**

# ڕاپۆرتی چاودێریی
# ڕەوشی ئازادی ڕادەربڕین
# لەعێراق وهەرێمی کوردستان

ئامادەکردنی: ڕێکخراوی ئاشتی وئازادی



2021